دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

- ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە بڕیاری ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان

ل٢

- ڕاگەیەندراوێکی یزاکا لە پێوەندی لەگەڵ زەخت وگوشاری ڕێژیم بۆ سەر چالاکانی مەزهەبی

ل٢

- یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران هێرشی هێزەکانی ڕێژیمی ئێرانیان بۆ سەر ژنانی گوندی ئاقدەرە مەحکووم  کرد

ل٢

ژمارە ٧٠٣،چوارشەممە ٣١ی جۆزەردانی ١٣٩٦ی هەتاوی،٢١ی ژوئەنی ٢٠١٧

www.kurdistanmedia.com



هەڵاواردن، دەمارگرژی و سڕینەوەی مەسئەلە

٤



شووناسی بکەرانی هێرشە تێرۆریستیەکەی...

٧



بە دیوارکێشان، هەستی نەتەوەیی خاشەبڕ ناکرێ

٩



ئێران خۆی دژی کوردە و هەر شتێ کورد بیکا دژیەتی

١٠

# پەلەقاژەی ڕێژیم بزووتنەوەی کورد خەوشدار ناکات



هێرشی ڕۆژی چوارشەممە کاتژمێر ١٠:٠٠ی بەیانی ڕێکەوتی ١٧ی جۆزەردانی ١٣٩٦ی هەتاوی بۆ سەر مەجلیسی ڕێژیم بە کوژران و بریندار بوونی ٥٤ کەس کۆتایی پێهات.

بەشێک لە چاودێرانی سیاسی ئەم ڕووداوە بە پێکداهەڵپڕژانی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی و سوپای پاسداران لەگەڵ سەلەفیی جیهادی و داعش پێناسە دەکەن.

ئەو گرووپانە لەلایەن سەرانی جەمارانەوە داڵدە دەدران و لە ڕابردوودا گرووپە توندئاژۆیە ئیسلامییەکان لە کوردستان بە ئاگاداری و بە بەرچاوی دەزگا ئیتلاعاتیەکانی ڕێژیمەوە پەرەیان سەندووە و تەنانەت لەلایەن دەزگاکانی ڕێژیمەوە ڕێگەیان بۆ خۆش کراوە کە گەشەبکەن و لاوی کورد بەلاڕێدا ببەن و بیانبەن بۆ ئەفغانستان و عێراق و سووریە و ... و لەوێدا خۆیان بتەقێننەوە.

خاڵی جێی تێڕامان ئەوەیە کە وەک نەریتی هەمیشەیی ڕژیمە و زۆرێک لە لایەنە سیاسییەکان و چالاکانی بواری مافەکانی مرۆڤ هۆشدارییان دابوو، کۆماری ئیسلامی کە پریشکی ئاگری توندئاژۆیی بەرۆکی خۆی گرتۆتەوە، هەوڵ دەدا کە ئەم پرسە بکاتە بیانوویەک بۆ ڕەشبگیری و لە نێوبردنی نەیارانی خۆی بەتایبەت چالاکوانانی مەدەنی، مەزهەبی، سیاسی و فەرهەنگی کورد و بەلوچ و عەرەب و بە تۆمەتی پەیوەندیان لە گەڵ تاقمە تێرۆریستەکان لە چاڵەرەشەکانیان بخا.

دوابەدوای ڕووداوەکەی تاران، هێزە داپڵۆسێنەر و سەرکووتکەرەکانی سپا و وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیم وەخۆکەوتن و لە زۆرێک لە شارەکانی کوردستان و ئەو ناوچانەی کە نەتەوە ستەملێکراوەکانی تێدا نیشتەجێن، لە ژێر ڕێنوێنی فەتوای "آتش بە اختیار"ی عەلی خامنەیی، ژمارەیەکی زۆریان دەستبەسەر کردووە کە چارەنووسی بەشێکیان بە ناڕوونی ماوەتەوە.

عەلی خامنەیی لە لێدوانێکی لێوانلێو لە ڕق و قین بەرامبەر بە ئازادیخوازی و ڕوو لە لایەنە توندئاژۆکانی سەر بە بەیتی ڕێبەری، پاش ٣٨ ساڵ بە سەر فەتوای خومەینی بە دژی کورددا، بەشێوازێکی نوێ بڕیاری جیهادی دەرکردو وەک ڕێنیشاندان بە تێرۆریستەکانی سەر بە ڕێژیم، داوای لێکردن ڕاستەوخۆ و بەشێوەی سەربەخۆ بێنە گۆڕەپانەکەوە و هەڵوێست بگرن.

ئەم لێدوانە قیناوییانەی خامنەیی کە ڕۆژی ١٧ی جۆزەردان لە چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆمەڵێک لە بەناو خوێندکارانی سەر بە بەیت کردوویەتی بریتییە لە دووبارە بەرهەم هێنانەوەی بیرۆکەی دژە مرۆیی ترساندن و تۆقاندن و زیندووکردنەوەی فەرمانی بەدناوی جیهادی خومەینی لە ساڵی ٥٨ی هەتاوی کە لەدژی گەلی کورد و سەنگەری ئازادیخوازی ئێران دەری کرد.

لەم پێوەندییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دووتوێی ڕاگەیەندراوێکدا بە فەرمی ئیدانەی ئەم سیاسەتە چەپەڵەی ڕێژیمی کرد و وێڕای مەحکووووم کردنی ڕەفتاری سەرەڕۆیانە و گرتن و زیندانی کردنی هاونیشتمانیان، ڕایگەیاندووە: "لەو ماوەیەدا کۆماری ئیسلامی بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی و ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک، بەتایبەت گەلانی ئێران بۆ سەر پرسە لاوەکییەکان و دوورخستنەوەیان لە کێشە ناوخۆییەکانی خولقاوی دستی ڕێژیم، پێکهێنانی هێندێک سناریۆ، یان ڕوودانی هێندێک ڕووداوی وەک دەرفەت قۆستوەتەوە، تا ناتەبایی و ناکامییەکانی خەڵک بخاتە ئەستۆی دوژمنانی دەستکردی دەرەکی و، خەڵک بترسێنێ لەوەی کە ئێستا کاتی دەربڕینی ناڕەزایەتی لە ڕێژیم و قەیرانە لەئەژمار نەهاتووەکانی خەڵک نیە بەڵکوو کاتی یەکگرتوویی لەبەرانبەر دوژمنانی ئیسلام و ئێراندایە، هەر لەو ڕاستایەشدا توندوتیژی، سەرکوت و زیندانی کردنی چالاکانی سیاسی، جیابیرانی وڵات بە تایبەت نەتەوە ماف پێشێلکراوەکان و کەمینە ئایینییەکان بە ناوی بەکرێگیراوانی دوژمنی دەرەکی و... زیاتر پەرە پێداوە."

لە بەشێک لەم ڕاگەیەندراوەدا وێڕای ئاماژەدان بە ڕووداوەکانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٧ی جۆزەردان هاتووە:" ڕووداوەکانی ڕۆژی چوارشەممە ١٧ی جۆزەردانی ١٣٩٦ی هەتاوی بەرانبەر بە ٧ی ژوئەنی ٢٠١٧ی زایینی تاران و تەقەکردن لە قەبری خومەینی و مەجلیسی شوورای ئیسلامیی ئێرانیش بیانوویەکی دڵخواز و هەلێک بوو کە ڕێژیم قۆستیەوە بۆ ئەوەی کردەوە تێرۆریستییەکانی خۆی پەردەپۆش بکا و لە هەمان کاتدا گوشار بۆ سەر دژبەران و ڕەخنەگرانی نێوخۆیی لەژێر ناوی بەرهەڵستکاری لەگەڵ توندڕەوی، زیاتر و پەرەگرتووتر بکا. ئەوەش لە حاڵێک دایە کە خۆی یەکێک لە سەرەکیترین دامەزرێنەران و یارمەتیدەرانی تاقمە تیرۆریستەکانە لە ناوچەدا."

خوێنەرانی خۆشەویستی "کوردستان" دەتوانن دەقی ئەم ڕاگەیەندراوە لە لاپەڕەی ٢ی ئەم ژمارەی کوردستاندا بخوێننەوە.

## پەیڤ

### ترس لە تەرەقە

کەریم پەرویزی

سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ڕۆژی سێشەممە ٣٠ی جۆزەردان ڕایگەیاند کە عەرەبستانی سعوودی کەسی سەر بە سپای پاسدارانی دەسبەسەر نەکردووە. ڕۆژی دووشەممەش ڕایگەیاند کە شەوی پێشتر چەند مووشەکیان بە دەیرەزوورەوە لە سووریە ناوە و بەقەولی خۆیان هێرشیان کردۆتە سەر بنکەی تیرۆریستان لە سووریە.

عەرەبستان ڕۆژی دووشەممە ڕایگەیاند کە چەند بەلەمی سپای پاسداران نزیکی سەکۆی نەوتیی مەرجان لە کەنداو کە هی عەرەبستان بوونەوە و تەقەیان لێیان کردووە و چەند پاسداریان دەسبەسەر کردووە و دوو بەلەمی دیکەش هەڵهاتوون! هەواڵدەریە نێونەتەوەییەکانیش ڕۆژی دووشەممە ڕایانگەیاند کە هێرشی مووشەکی کراوەتە سەر ئۆپۆزیسیۆنی سووری لە دەیرەزوور و ڕێگای هێرشی زەوینییان بۆ هێزەکانی بەشارئەسەد ئاوەڵا کردووە.

ئەم ڕووداوانە هاوکاتن لەگەڵ خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی سووری کە هێزەکانی ئامریکا لێیان داوە و لەو کاتەشدا رووسیە هەڕەشەی کردووە کە لە ناوچەی شەڕ لە سووریەدا ڕێککەوتنی هێڵی پێوەندیی تایبەتی لەگەڵ ئامریکا هەڵپەساردوە. ئاڵوگۆڕی نیزامی و ئەمنیەتی لە سەر ئەرز و لە مەیدانی شەڕ لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەخێرایی دێنە ئاراوە و گڕکانی شەڕ کڵپەی توندتر دەکا.

گەر بە ئەسپایی لە خێرایی ڕووداوەکانی کەم دەکەیتەوە و بە شێوەیەکی ئارامتر دەڕوانیتە ئەو وێنانەی کە خێرا تێدەپەڕن، هەندێک ڕاستیی مەیدانی بەرەبەرەکانێی هێز دەردەکەون کە پێویستە لە بەرچاو ون نەکرێن.

لە تاران ئەمنیەتی پووشاڵیی ڕژیمی ئیسلامی و فڕوفیشاڵی سوپای پاسداران کەوتە مەترسییەوە و رامبۆکەی کۆماری ئیسلامی کە هەر ڕۆژە لە شوێنێکی عێراق و سووریە وێنەیان لێ بڵاو دەکردەوە کە گوایە ئەمنیەتی حەرەمەکان دەپارێزێ، بە فوودانەیەکی بەتاڵ دەرچوو و ئەمنیەتی مەجلیس و قەبری دامەزرێنەری ڕێژیمەکەیانی بۆ نەپاراست.

خامنەیی کە هەیمەنەی درۆیینەی وەمەترسی کەوت، دەستی بە فڕوفیشاڵی زۆرتر کرد و گوایە دەیانەوێ لەگەڵ تیرۆریزمدا شەڕی کۆتایی بکەن، ئەمە لە کاتێکدایە کە تیرۆریزمی چ شیعی و چ سوننیەکەی لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە پەرەی پێ دراوە.

بەڵام ڕووداوەکان لە ئاستی گشتیی

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە بڕیاری بەڕێوەبردنی ڕێفراندۆم لە باشووری کوردستان

پاش ماوەیەکی زۆر باس و لێدوان لە پێوەندی لەگەڵ پێویستی بەڕێوەبردنی ڕێفراندۆم و وەرگرتنی ڕای تاکەکانی نەتەوەی کورد لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەو بەشە لە کوردستان ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٧/٦/٢٠١٧ی زایینی لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت و بە بەشداری زۆربەی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور و بە ئامادەبوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسعوود بارزانی سەرئەنجام بە ڕەزامەندی سەرجەم بەشداربووانی کۆبوونەوەکە ڕۆژی ٢٥/٩/٢٠١٧ی زایینی بۆ بەڕێوەبردنی ڕاپرسی دیاری کرا.

هەر لەم کۆبوونەوەیەدا ڕێکاری ئەنجامدانی ڕێفراندۆم و لیژنەی پێویست بۆ ئەم ئەرکە دەستنیشان کران و بەمجۆرە کۆتایی بە چاوەڕوانییەکان هات و ڕێفراندۆم وەک ئەمری واقیع و پێویستێکی مێژوویی مۆری یەکلاکەرەوەی لێدرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای ئەوە کە ئەم بڕیارە بە بڕیارێکی مێژوویی و هەنگاوێکی گرینگ و مافێکی سروشتی لە ڕەوتی دیاریکردنی چارەنووسی ئەو بەشە لە کوردستان دەزانێ، پیرۆزبایی لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و حیزب و لایەنە سیاسییەکان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی باشوور دەکا و ڕێز لە ئیرادەی خوشک و براکانی لەم بەشەی کوردستان دەگرێ، لە هەمانکاتدا هیوادارە و خوازیارە کە سەرجەم کۆمەڵانی خەڵک لە کوردستانی باشوور ئەم دەرفەتە مێژووییە بە دوور لە کێشە ڕێکخراوییەکان بە گوێرەی شیاوی خۆی بقۆزنەوە و هەموو لایەک وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی هاندەری بەشداری تاکەکانی کۆمەڵ لەو ئەرکە مێژوویی و چارەنووس سازەدا بن بۆ ئەوەی ڕێژەی بەشداربووانی ڕێفراندۆم و دەنگدەرانی ئەم بابەتە نیشتمانییە بارەتەقای گرینگی بڕیارە مێژووییەکە بێ کە چاوی دۆستان و دڵسۆزانی کورد بە جۆرێک و تەنانەت نەیارانی کوردیشی بە جۆرێکی دیکە لەسەرە، پێویستە کورد لەو هەڵومەرجەدا بۆ ئەو مەبەستە یەکدەنگی و یەک هەنگاوی خۆی نیشان بدا بە جۆرێک کە ئاکامی ڕاپرسی بە کۆمەڵگای جیهانی بسەلمێنێ کە ڕێفراندۆم ئیرادەی هەموو لایەک و هەموو تاکێکی کوردە و ئەوەی لێی دەکەوێتەوە ویست و خواستی هەموو رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانە.

هەر لەو پێوەندییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ڕێفراندۆم بۆ دیاری کردنی چارەنووس بە مافی بێ ئەملاوئەولای کورد لە کوردستانی باشوور دەزانێ و ئەنجامدانی بە ئەرکێکی مێژوویی دادەنێ داوا لە ئەندامان و لایەنگرانی خۆی دەکا کە پاڵپشت و یارمەتیدەری سەرخستنی ئەم بڕیارە مێژوویی و نەتەوەییەی خوشک و براکانیان لە کوردستانی باشوور بن، هەر وەک حیزبە خۆشەویستەکەیان هەمیشە پشتیوان و پشتگری ماف و ئازادییەکانی ڕۆڵەکانی کورد لە هەر بەشێکی کوردستان بووە و هەیە و لە هەر بڕگەیەکی مێژوویی دا ڕێزی لە ئیرادە، ویست و حەز و ئاواتەکانیان گرتووە.

بەم هیوایە ڕێفراندۆم لە کوردستانی باشوور بە سەرکەوتوویی و یەکگرتوویی تەواوەوە وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بەڕێوە بچێ و ئاکامەکەی دابینکەری بەرژەوەندی کورد و ماف و ئازادییەکانی بێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٢٠ی جۆزەردانی ١٣٩٦ی هەتاوی
١٠ ژوئەنی ٢٠١٧ی زایینی



# حدکا: ڕەفتاری سەرەڕۆیانە و گرتن و زیندانی کردنی هاونیشتمانیان مەحکووم دەکەین

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕەفتاری سەرەڕۆیانە و گرتن و زیندانی کردنی هاونیشتمانیان مەحکووم دەکات.

ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
هاونیشتمانیانی بەڕێز
کۆمەڵانی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان
کۆڕ و کۆمەڵە بەشەردۆستەکان

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئێستادا زیاتر لە هەموو کاتێک لە نێو گێژاوی قەیرانگەلی جۆراجۆری ناوخۆیی و ناوچەییدا گیری کردوە، ئەو قەیرانانەی کە ئاکامی سیاسەت و جیهانبینی دواکەوتووانە لەسەر بنەمای ئیدئۆلۆژی ولایەت فەقیهی لەسەرتاوە دەستی پێکرد و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر کەڵەکەبوونەوە، تا ئەمرۆکە بوونەتە کێشەیەکی گەوورە بۆ خەڵکی ئێران و ناوچەکە، بە جۆرێک کە خۆرزگارکردنی ڕێژیم لە چنگ ئەو قەیرانانە ئەگەر نامومکین نەبێ یەکجار زۆر بەزەحمەتە.

لەو ماوەیدا کۆماری ئیسلامی بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی و ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک، بەتایبەت گەلانی ئێران بۆ سەر پرسە لاوەکییەکان و دوورخستنەوەیان لە کێشە ناوخۆییەکانی خولقاوی دستی ڕێژیم، پێکهێنانی هێندێک سناریۆ، یان ڕووادانی هێندێک ڕووداوی وەک دەرفەت قۆستوەتەوە، تا ناتەبایی و ناکامییەکانی خەڵک بخاتە ئەستۆی دوژمنانی دەستکردی دەرەکی و، خەڵک بترسێنێ لەوەی کە ئێستا کاتی دەربڕینی نارەزایەتی لە ڕێژیم و قەیرانە لەئەژمار نەهاتووەکانی خەڵک نیە بەڵکوو کاتی یەکگرتوویی لەبەرانبەر دوژمنانی ئیسلام و ئێراندایە، هەر لەو ڕاستایەشدا توندووتیژی، سەرکوت و زیندانی کردنی چالاکانی سیاسی، جیابیرانی وڵات بە تایبەت نەتەوە ماف پێشێلکراوەکان و کەمینە ئایینییەکان بە ناوی بەکرێگیراوانی دوژمنی دەرەکی و... زیاتر پەرە پێداوە.

ڕووداوەکانی ڕۆژی چوارشەممە ١٧ی جۆزەردانی ١٣٩٦ی هەتاوی بەرانبەر بە ٧ی ژوئەنی ٢٠١٧ی زایینی تاران و تەقەکردن لە قەبری خومەینی و مەجلیسی شورای ئیسلامیی ئێرانیش بیانوویەکی دڵخواز و هەلێک بوو کە ڕێژیم قۆستیەوە بۆ ئەوەی کردەوە تیرۆریستیەکانی خۆی پەردەپۆش بکا و لە هەمان کاتدا گوشار بۆ سەر دژبەران و ڕەخنەگرانی نێوخۆیی لەژێر ناوی بەرهەڵستکاری لەگەڵ توندڕەوی، زیاتر و پەرەگرتووتر بکا. ئەوەش لە حاڵێک دایە کە خۆی یەکێک لە سەرەکیترین دامەزرێنەران و یارمەتیدەرانی تاقمە تیرۆریستەکانە لە ناوچەدا.

لە ڕەوتی درێژەدان بەم گوشارهێنانە لە ماوی دوو حەوتوودا سەدان کەس لە خەڵک بە تایبەت لە کوردستان و ناوچەکانی شوێنی نیشتەجێ بوونی نەتەوە بندەستەکان بە تۆمەتی سەلەفی و توندڕەوبوون دەستگیر و زیندانی کردوون کە زۆربەیان لە تۆمەتی وەپاڵدراو بە دوورن.

هەموو خەڵکی ئێران و تەنانەت لە ئاستی جیهانی و ناوچەییش زۆر چاک دەزانن و ئاگادارن کە بزووتنەوەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات سیمایەکی پێشکەوتنخوازانە وسێکۆلاری هەیە و دژی هەر جۆرە کردەوەیەکی تیرۆریستی بووە و دەبێ، کۆماری ئیسلامی هەرچەندیش هەوڵ بدا ناتوانێ ئەو سیما و ڕواڵەتە گەشاوەی بزووتنەوەی کورد خەوشدار بکا.

ئێمە وێڕای مەحکووم کردنی ڕەفتاری سەرەڕۆیانە و گرتن و زیندانی کردنی هاونیشتمانیان داوا لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەین هەڵوێستی شیاوی خۆیان دژ بەم سیاسەت و کردەوانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەربڕن و ڕێگا نەدەن دام و دەزگا سەرکووتکەرەکانی ڕێژیم لە بێدەنگی خەڵک و بیروڕای گشتیدا دەستیان لە خولقاندنی تاوان و گرتن و زیندانی کردنی هاونیشتمانیان هەروا ئاوەڵە بێ.

هەروەها داوا لە کۆڕ و کۆمەڵە بەشەردۆستەکان و لایەنگرانی مافی مرۆڤ دەکەین بە چاوی ئاوەڵەوە بڕواننە ئەو پیلانەی ڕێژیم دژ بە هاونیشتمانیان و لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە بەر بە ڕەفتاریی دژی گەلییانەی کۆماری ئیسلامی بگرن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٣٠ی جۆزەردانی ١٣٩٦ی هەتاوی
٢٠ی ژوئەنی ٢٠١٧ی زایینی

# یزاکا لە پێوەندی لەگەڵ زەخت وگوشاری ڕێژیم بۆ سەر چالاکانی مەزهەبی ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە



یەکیەتیی زانایانی ئایینی کوردستانی ئێران بە هۆی زەخت وگووشاری ڕێژیمی ئێران بۆ سەر چالاکوانانی مەزهەبی و سیاسی کورد و بەلوچ وعەرەب بە بیانووی پەیوەندیان لەگەڵ تاقمە تێرۆریستییەکان ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە:

"وما للظالمین من انصار"

هاونیشیمانیانی بەڕێز
کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان
سازمان و ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان

ماوەیەکە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە بیانووی شەر دژی تێرۆریسم لەناوخۆ و دەرەوە دەستی کردووە بە ئەزییەت و ئازار و ڕەشەکوژی لاوانی ستەملێکراوی کورد و بەلوچ وعەرەب لە وڵاتی ئێراندا.

لە کەس شاراوە نییە سەرەتای دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیە سەرەکیترین شوعارەکانی ناردنی ئیسلامی نابی محەممەدی بوو بۆ جیهان، ئەم شوعارەش بە بێ کێشەو درووست کردنی ئاژاوە لە ناوچەکەدا تێپەڕ نابێت، بۆیە تیرۆریزم سەر هەڵدەدات و کۆماری ئیسلامی ئێرانیش دەبێتە ماکەی تیرۆریزمی جیهانی.

پاش سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و فراوانخوازی ویلایەتی شیعی ئێران، وڵاتانی سوونە وعەرەبی ناوچەکە هاوپەیمانییەکیان بە دژی ئەو ڕژیمە درووست کرد.

ڕێژیمی ئێران کە لە هەموولایەکەوە دوورەپەرێز خراوە و ترسی لەدەستدانی دەسەڵاتی لێ نیشتووە، کەوتۆتە پیلانگێڕی وپاساو هێنانەوە کە ئەو دژی تیرۆریزم شەر دەکات، هەر بۆیە ڕێکخستنی سناریۆیەک بۆ گەیشتن بەم مەبەستە چاوەڕوانکراو بوو.

١٧ی جۆزەردانی ١٣٩٦ی هەتاوی لەشاری تاران چەند چەکدارێک هێرش دەکەنە سەر پارلمانی ئەو وڵاتەو گڵکۆی خومەینی، ئەوەش ڕێک لەو ساتەوەختەدا دەبێتە بیانوویەک بۆ ئەوەی ڕژیم دەست بکات بە ڕەشبگیری و لە ناوبردنی نەیارانی خۆی بەتایبەت چالاوانانی مەزهەبی، سیاسی، فەرهەنگی کورد وبەلوچ وعەرەب بە تۆمەتی پەیوەندیان لە گەڵ تاقمە تێرۆریستەکان.

ئەوەی جێگای داخە بێ دەنگی کۆمەڵگای نێونەتەوەییە لە مەڕ ئەم زەخت و گوشارەی ڕێژیمی ئێرانە بۆ سەر ئازادیخوازان بە تایبەت ئازادیخوازانی کورد لە کوردستانی ئێراندا.

یەکیەتیی زانایانی ئایینی کوردستانی ئێران وێڕای ئیدانەکردنی ڕەوتی لە سێدارەدانی زندانیانی مەزهەبی و سیاسی لە لایەن ڕژیمی تیروریستی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، هەرجۆرە کردەوەیەکی تیرۆریستیانە وتووندئاژۆیانە لە هەر لایەنێکی بە نێو ئیسلامی یان غەیرە ئیسلامی ڕەد دەکاتەوە و داواش لە سەرجەم خەڵکی هۆشیار و ئازادیخوازی ئێران و جیهان دەکات بە دژی ئەم سیاسەتە نگریسەی ڕێژیمی تیرۆریست پەروەری ئێران بچنەوە و دژایەتی خۆیان دەربڕن.

یەکیەتیی زانایانی ئایینی کوردستانی ئێران

# یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران هێرشی هێزەکانی ڕێژیمی ئێرانی بۆ سەر ژنانی گوندی ئاقدەرە مەحکووم کرد

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا ئێران هێرشی هێزەکانی ڕێژیمی ئێرانیان بۆ سەر ژنانی گوندی ئاقدەرە لە پارێزگای ورمێ مەحکووم کرد.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە:

ژنانی ئازادیخوازی کورد
خەڵکی تێکۆشەری کوردستان

لە کەس شاراوە نییە کە هەر لە سەرتای هاتنە سەر کارییەوە، سیستمی دواکەوتووی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، دەستی داوەتە سەرکووتی گەلانی ئیران و جیابیرانی خۆی و لە پێناو دزین و بردنی سەرچاوە سروشتی و کانگە ژێر زەوییەکانی سەرانسەری ئێران، لە هیچ هەوڵ و کۆششێك درێغی نەکردووە و ئەوەی لەو سامانە نەتەوەییانە بێ بەش بووە، گەلانی بن دەستی ئێران بوون.

لە نێوان گەلانی بندەستی ئێرانیشدا گەلی کورد و کوردستان بە هۆی هەڵکەوتی جوغرافیایی و ئێکۆسیستمی خۆی لە سەرووی هەموویان دەوڵەمەندی لە بواری کانگا ژێر زەوییەکان، بۆتە گۆڕەپانی گەندەڵی و دزی باندەکانی حکومەت و لە نێوانیشیاندا کورد بەش مەینەتی و بێکاری و بێ دەرەتانی و برسێتی پشکی شێری بەرکەوتووە.

ژنانی تێکۆشەری کورد!

لە کوردستانی ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامیدا، سەرەڕای ئەوەیکە تەواوی سەرچاوەی داهات و سامانە نەتەوەییەکان بە تالان دەبرێن، تەنانەت لە کارگە و کارخانە بەرهەم هێنەرەکانیش لە خەڵکی خۆجێی و کورد کەڵك وەرناگیرێت، بەڵکوو لە شار و پارێزگاکانی ناوەندی ئێران یان لە کەسانی سەر بە نەتەوەکانی غەیری کورد کەڵك وەردەگیرێت.

ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەیکە ئەو بێکاری و برسیەتییە سیستماتیکەی کە باڵی بەسەر کوردستاندا کێشاوە گوشاری سەر ژیانی ڕۆژانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات زیاتر بکات ، نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم دزییە لە کانگای زێڕی ئاق دەرەی سەر بە شاری تیکابە کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بووە هۆی نیشاندانی نارەزایەتی خەڵکی ئەو گوندە و لە ئەنجامدا بە توندترین شێوە لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژێمەوە بێدەنگ کرا.

کانگای زێڕی ئاق دەرە کە یەکێك لە کانگا زێڕە گەورەکانی ئێرانە، سەرەڕای ئەوەیکە تەواویی بەرهەمی ئەم کانگایە دەچێتە خەزێنەیی دەسەڵاتی ڕێژیم و بۆ دەزگا ئەمنیەتی و سەرکوتکەرەکان و گیرفانی ئاغا زادەکان تەرخان دەکرێت تەنانەت هێزی کارو بەرهەم هێنەری ئەم کانگایەش خەڵکانی هاوردەن و لە شارەکانی ترەوە هاوردە کراون.

ژنان و کچان و دایکانی ئاق دەرە تەنیا بۆ ئەوەیکە بڵێن ئێمەش بەشمان لەو کانگایەدا هەیە و دەمانهەوێت لاوەکانمان لێرەدا کار بکەن، تاکوو لە کاتی کۆڵبەریدا نەبنە ئامانج و نەکوژرێن، خۆ پێشاندانیان ڕێك خست، بەڵام ئەم خۆپێشاندانە هێمنانەیە و ئەم خەڵکە مافخوازە سڤیلە بووە ئامانجی دەسەڵاتی شووم وبێ ڕەحمی ڕێژیم و چەند کەسیان کە زۆربەیان ژن بوون بریندار کران.

بۆیە لێرەدا ئێمەش وەك یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران وێڕای هەموو هێز و لایەنە سیاسی و مەدەنییەکان ، سەرکوتی ژنان و کچان و دایکان و بەگشتی خەڵکی ئاق دەرە لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی ئیسلامی ئێرانەوە مەحکووم دەکەین و داواکارین کە سەرەڕای ئەوەیکە دەبێ داهاتی کانگا ژێر زەوییەکانی کوردستان بە گشتی و بە تایبەتی کانگای زێڕی ئاق دەرە لە ژیان و خۆشبژێویی خەڵکی دەڤەرەکە خەرج بکرێت بەڵکوو دەبێ کرێکار و هێزی مروڤی ئەم کانگایە و تەواوی کانگاکانی کوردستان لە خەڵکی خۆجێیی ئەو ناوچانە بێت.

بڕوخێ ڕێژیمی سەرکوتکەری ئیسلامی ئێران
سەرکەوێ خەباتی مافخوازانەی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەلات
یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران
٢٨ی جۆزەردانی ١٣٩٦ی هەتاوی
١٨ی ژوئەنی ٢٠١٧ی زایینی

# هەیئەتێکی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کرد

هەیئەتێکی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی "ئەبووبەکر مودەڕسی" سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٦ی جۆزەردانی ١٣٩٦ی هەتاوی، هەیئەتێکی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بە گەرمی پێشوازیان لێکرا.

لەو دیدارەدا، مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات وێڕای بەخێرهاتنی میوانەکان و پیرۆزبایی گرتنی کۆنگرەی ١٥ی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانی لێکردن.

لەو سەردانە و چاوپێکەوتنەدا، هەیئەتی میوان سپاسی مستەفا هیجری و هەیئەتی حیزبی دێموکراتیان کرد.

دواتر ئەبووبەکر مودەڕسی باسێکی لە سەر گرتنی کۆنگرەکەیان و پەسەند کراوەکانی کۆنگرەکەیان بۆ هەیئەتی حیزبی دێموکرات کرد.

هەیئەتی هەر دوو لایەن، لەو دیدارەدا، پێداگریان لە سەر کاری هاوبەش و خەباتی هاوبەش لە نێوان هێزە و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کرد.

دواتر هەیئەتی هەر دوو لایەن، باسێکیان سەبارەت بە ئاڵوگۆڕ و ڕووداوەکانی ناوچە و جیهان کرد و دواتر لە سەر بارودۆخی ناوخۆ و ئێران و جیهان چەند باسیان تاوتوێ کرد.




# لە شاری بۆکان پەیمانی وەفاداری لەگەڵ شەهیدان نوێ کرایەوە




بۆ پەیمان نوێ کردنەوە لەگەڵ ڕێبازی شەهیدانی کوردستان، کۆمەڵێک لە ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەردانی گڵکۆی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاری کوردستانییان کرد.

ڕۆژی دووشەممە، ١٥ی جۆزەردان، کۆمەڵێک لە ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵڕۆژی شەهید بوونی پێشمەرگەی قارەمان "قادر ئاغەڵیانی" خەڵکی گوندی "حاجی لەك"ی ناوچەی چۆمی مەجیدخان، چوونە سەر گۆڕی ئەو شەهیدەی حیزب و پەیمانی وەفایان لەگەڵ شەهیدان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نوێ کردەوە.

خەڵکی کوردستان و بەتایبەت ئەندامان و لایەنگرانی حیزب ناوە بە ناوە بە سەردانی بنەماڵەی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان و هەروەها گڵکۆی شەهیدانی حیزب و گەل دەکەن و پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ نوێ دەکەنەوە.

ماوەیەک پێش ئێستاش ڕێبوارانی ڕێبازی شەهیدان لە گوڕستانی شارەدێی دزە کە بە دەیان شەهیدی سوورخەڵاتی حیزب و گەلی لە ئامێز گرتووە، لەسەر گڵکۆی هەر شەهیدێک ئاڵایەکی کوردستان و ئاڵایەکی سوور بە نیشانەی خوێنی سووری شەهیدانیان هەڵداوە.

# بۆ ڕێزگرتن لە ساڵڕۆژی شەهیدانی ڕاسان لە شنۆ چالاکیی تەبلیغیی بەڕێوە چوو

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بۆ ڕێزگرتن لە حەماسە خولقێنەرانی قەرەسەقەڵ لە گوندی "تەنگیسەر" سەر بە شاری سنە چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

قارەمانانی دێموکرات لە گوندی تەنگیسەر" وێنەی شەش شەهیدی شاری شنۆ، ئەساسنامەی حیزبی دێموکرات، ئەساسنامە و پەیڕەوی ناوخۆی یەکیەتیی لاوان، کورتە باسێک لە سەر ژیانی دوکتور قاسملوو، کورتە باسێک لە سەر ژیانی قازی محمد و دوکتور شەرەفکەندی"یان بڵاو کردەوە.

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: "بەرلاگا، بێهداشت، شیرکەتی نەوت، موخابرات، قوتابخانەی سەرەتایی ، ناوەندی و دواناوەندی، ماڵی خەڵک، شیرکەتی گاز، کتێبخانە، دار و دیواری ناو ئاوایی، تەعمیرگا و قەسابخانە".

ڕۆژی ٢٦ی جۆزەردانی ١٣٩٥ی هەتاوی تیمێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری شنۆ لە گوندی قەرەسەقەل لە کاتی ئەنجامدانی هەندێک مەئموریەتی سیاسی و تەشکیلاتی کەوتنە بەر هێرشی هێزەکانی سپای تێرۆریستی پاسدارانی ڕێژیمی ئێران و لە شەڕێکی قارەمانانەدا ٦ پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شەهید بوون و ژمارەیەکی بەرچاویش لە جاش و بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم کوژران.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵڕۆژی شەهیدانی ڕاسان لە شاری شنۆ تاجەگوڵینەی ڕێز و وەفاداریان لە شوێنی شەهیدانی ڕاسان دانا.

تێکۆشەرانی دێموکرات بۆ ڕێزگرتن لە قارەمانییەتی شەهیدانی ڕاسان لە شاری شنۆ و ئەمەگناسی بە ڕێبازیان لە ساڵڕۆژی شەهیدکرانی پۆلێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تاجەگوڵینەیان لە شوێنە حەماسە خوڵقێنییەکەیان دانا.

هەروەها شەوی ٢٦ لەسەر ٢٧ی جۆزەردان و لە ساڵڕۆژی قارەمانەتی نواندنی حەماسەخوڵقێنەرانی قەرەسەقەڵی شنۆ، ئەندامانی حیزب لە یەکێک لە بەرزاییەکانی ئەم شارە بەڵێنی درێژەدان بە ڕێبازی پڕسەروەریی شەهیدانیان نوێ کردەوە و لە پەیامێکدا ڕوو لە ڕۆحی بەرزی شەهیدانی شنۆ ڕایانگەیاند: "دیسان مێژووی خوێنی سمکۆتان بە دڵۆپ دڵۆپی خوێنتان تۆمار کرد، پەیمانی وەفاداری بە ڕێباز و خوێنتان نوێ دەکەینەوە و تا سەر درێژە دری ڕێگاتان دەبین."

# ڕێوڕەسمی کردنەوەی باخچەی منداڵانی"پەپوولە" لە ئازادی بەڕێوە چوو

لە ڕێوڕەسمێکی بە شکۆدا، باخچەی منداڵانی"پەپوولە" لە کەمپی ئازادی بە بەشداری نوێنەرانی ڕێکخراوی "ئەی ڤی سی ئینتێرنەشناڵ" و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و بنەماڵەکان ئەو کەمپە کرایەوە.

ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی جۆزەردانی ١٣٩٦ی هەتاوی، لە ڕێوڕەسمێکدا باخچەی منداڵانی "پەپوولە" لە کەمپی ئازادیی حیزبی دێموکرات بە بەشداری نوێنەرانی ڕێکخراوی "ئەی ڤی سی ئینتێرنەشناڵ" و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و بنەماڵەکانی ئەو کەمپە بۆ منداڵان کرایەوە.

لە سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمەدا، "هاوژین حوسێنی"، کچی کاک "بارزان حوسێنی" پەردەی لە سەر تابلۆی ئەو باخچەیە لادا.

دواتر خاتوو "سراینا نوێش" بە نوێنەرایەتیی ڕێکخراوی ئەی ڤی سی ئینتێرنەشناڵ پەیامێکی پێشکەش کرد.

خاتوو "نوێش" سەرەتا پیرۆزبایی لە هەموو منداڵان و بنەماڵەکانی ئەو کەمپە کرد و هەروەها باسی لەوە کرد کە ئێمە وەک ئەرکێک بەرانبەر بە منداڵان ئەم کارەمان ئەنجام داوە بۆ ئەوەیکە ژیانی خۆش بۆیان دابین بکەین.

نوێش لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا سپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی هەموو بنەماڵە و ئەو کەسانە کرد کە ماندوونەناسانە لەو ماوەیەدا خۆبەخشانە کاریان کردووە.

ناوبراو هەروها باسی لەوە کرد کە ژیانی خۆش و دابینکردنی شادی بۆ منداڵان جێگای شانازیی ئێمەیە و ئێمە بەردەوام دەبین لە ئەنجامدانی ئەم کارە پیرۆزە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا، بۆ سپاس و پێزانین لە هەوڵ و تێکۆشانی ئەو کەسانەی کە خۆبەخشانە کاریان لە بەڕێوەبردنی ئەم پڕۆژەیەدا کردبوو، دیارییەک لە لایەن ئەو ڕێکخراوە پێشکەش بە "سەلیم زەنجیری، فەریدوون عەزیمی، تاهیر پیرە ئۆمەرانی و خالید دەرویژە" کرا.

دواتر حەسەن شەرەفی جیگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

شەرەفی لە قسەکانیدا وێڕای سپاس و پێزانین لەو ڕێکخراوەیە بۆ ئەنجامدانی ئەو پڕۆژەیە و شوێنێکی یاری بۆ منداڵان هیوای خواست کە هەر دەم ئەرکی خۆیان بەرانبەر بە منداڵان وەک نەوەی داهاتوو بە دروستی بەجێ بگەیێنن و بەردەوام بن لە بەڕێوەبردنی پڕۆژەی لەم چەشنە.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا سپاسی هەموو ئەو کەسانەی کرد کە بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان لە هاوکاریی خۆیان بۆ ئەنجامدانی ئەو پڕۆژەیە دەریغیان نەکردووە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا لە لایەن مەلا "ئەحمەد ڕەحیمی" بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەوحێکی ڕێزلێنان پێشکەش بە ڕێکخراوی "ئەی ڤی سی ئینتێرنەشناڵ" کرا.

دواتر ئەو پاڕکە لە لایەن "حەسەن شەرەفی و سراینا نوێش" بە فەرمی کرایەوە.

لەو ڕێوڕەسمەدا چەندین گۆرانی بە زمانی "ئینگلیسی" لە لایەن "تابێیا شۆپاخ" پێشکەش بە بەشداربووان کرا.

# دریژەی پەیف

ناوچەدا شتێکی دیکە دەڵێن و تەنیا لە ئاستی ئەو هێرشە بۆ سەر مەجلیسی ڕێژیم و قەبری خومەینی و کاردانەوەکانیدا نین، بەڵکوو پارسەنگی هێز لە ناوچە دووبارە دادەڕێژرێتەوە.

هەندێک لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە ئەو مووشەکانەی گوایە سوپای پاسداران بە دەیرەزووریەوە ناوە، لە ڕاستیدا بنکەی مووشەکیی ڕووسیە لە هەمەدان لە وەڵامی هێرشی ئامریکا بۆ سەر فڕۆکە سووریەکە ناردوویانە و یارمەتیی هێزەکانی بەشار ئەسەدیان داوە تاکوو لە سنووری عێراق نیزیک ببێتەوە.

پارچەکانی ئەم پازێلە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وردە وردە خەریکە تەکمیل دەکرێن. وڵاتانی عەرەبی گوشار بۆسەر قەتەر دێنن کە لەگەڵیان هاوئاهەنگ بێ، ئاستی گرژیی ئەمنیەتی و نیزامیی نێوان عەرەبستان و ئێران بەرزتر دەبێتەوە، لە سووریەدا هێزەکانی ئامریکا ڕاستەوخۆ هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی ئەسەد، شەڕی مووسڵ بەرەو تەواوبوون دەچێ و کێشەی کورد و شیعە لە عێراق سەرهەڵدەدا، ڕێفراندۆم کاتەکەی دیاری دەکرێ، کۆماری ئیسلامی بیانوو دەدۆزێتەوە کە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ژێر پووتینی پاسداردا بێدەنگ بکا و لە ترسی تەرەقەبازی ڕەنگە ئەنبار تەقەمەنی لە کوردستاندا بتەقێنێتەوە و ...

کە چاو لە دوورە دیمەن دەکەی و وێنە گشتییەکە پێکەوە دەلکێنی، ئەو کات ئەو قسەیەی ڕێکس تەیلەرسن دێتەوە یاد کە گوتی ستراتیژیی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەگۆڕدرێ و یارمەتیی گۆڕانی ئاشتیخوازانە لە نێوخۆی ئێران دەدەین.

بەو لێوردبوونەوانەوە دەگەین بەو ڕاستییە کە ترسی خامنەیی لە تەرەقەبازی، ڕەنگە لە داهاتوودا تەرقەی زۆرتری لە بنپێ بتەقێتەوە و وەک مۆتەکەیەک لە سەر ژیانی بنیشێ.

# لە شاری ورمێ پەیمانی وەفاداری لەگەڵ شەهیدانی کوردستان نوێ کرایەوە



بە مەبەستی پەیمان نوێ کردنەوە لەگەڵ شەهیدانی کوردستان، پۆلێک لە ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات سەردانی گلکۆی شەهید "ئیبراهیم شێخاڵی"یان کرد.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٢ی جۆزەردانی ١٣٩٦ی هەتاوی، ژمارەیەک لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بەنیشانەی وەفاداری و ڕێزگرتن لە شەهیدان چوونە سەر گڵکۆی شەهیدی فەرماندە ئیبراهیم شێخاڵی لە گوندی "جێرمێ" لە ناوچەی تەرگەوەڕی ورمێ.

شەهیدی "ئیبراهیم شێخاڵی" لە ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی لە شارۆچکەی "پەسوێ" سەر بە شاری پیرانشار لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر هاتۆتە دونیاوە. دواتریش بە هۆی دڵسۆزی و خۆشەویستی بۆ نیشتمان، پەیوەست بوو بە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و دواتریش بە هۆی لێهاتووییەوە بوو بە فەرماندەی هێزی شەهید "نحۆ".

"ئیبراهیم شێخاڵی" یەکێک بوو لە فەرماندە قارەمانەکانی حیزبی دێموکرات کە بەداخەوە تەمەن مەودای نەدا درێژە بە ڕێبازە پڕ لە سەروەریەکەی بدات.

شەهید ئیبراهیم بە داخەوە لە ڕێکەوتی ٧ی جۆزەردانی ١٣٦٤بە هۆی دەرگیری لەگەڵ جاش و نیشتمان فرۆشانەوە لە ناوچەی "جێرمێی" ورمێ شەهید کرا.

# یاریی دۆستانەی فوتباڵ بە سەرکەوتنی لاوانی دێموکرات کۆتایی پێهات

لە یارییەکی دۆستانەی فوتباڵ لە نیوان دوو تیمی لاوانی کۆمەڵە و لاوانی حیزبی دێموکراتدا تیمی فوتباڵی لاوانی دێموکرات توانی یارییەکە بە گۆڵێک زیاتر بباتەوە.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٧ی جۆزەردانی ١٣٩٦ی هەتاوی لە شاری کۆیە یارییەکی دۆستانەی فوتباڵ لە نێوان دوو تیمی لاوانی دێموکرات و لاوانی کۆمەڵە کاتژمێر ٤:٠٠ی دوانیوەڕۆ بەڕێوە چوو.

لەو یارییە دۆستانەیەدا تیمی لاوانی دێموکرات بە ٨ گۆڵ لە بەرانبەر ٧ گۆڵی تیمی لاوانی کۆمەڵەدا توانی سەرکەوێت.

لە نیوەی یەکەمی یارییەکەدا تیمی لاوانی دێموکرات توانیان براوەی یاریی بن بەڵام لە نیوە دووهەمدا تیمی لاوانی کۆمەڵە توانیان پێش کەون.

لە چەند خولەکی کۆتایی یارییەکەش یاریزانانی تیمی دێموکرات لە هێرشێکدا توانیان گۆڵی براوە تۆمار بکەن.

یارییەکە لە فەزایەکی دۆستانەدا کۆتایی پێهات.

# ڕاسان ،قووڵایی ستراتیژیکی کوردستان

## (خوێندنەوەیەکی ڕاسان لە قۆناغی پاش داعش)

ئاگری ئیسماعیل نژاد

**سەرەتایەکی پێویست:**
بۆ ڕوون بونەوەی کۆی بابەتەکە پێویستە، پێناسەیەک لە سەر دوو زاراوەی سەرەکی ئەو وتارە هەبێت:

**زاراوە سەرەکییەکان بریتین لە:**
**١. ڕاسان**
**٢. داعش**

**١. ڕاسان**

ڕاسان، ناوی کۆکردەوەیەکە، کە لەلایان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لە بەهاری ١٣٩٤وە دەست پێکراوە و بە کورتی وەک بەرپرسانی حدکا باسی لەسەر دەکەن، ڕاسان لەسەر دو بناغەی خەباتی شار و شاخ لە خۆرهەڵاتی کوردستان دامەزراوە ، ئەوەی کە ڕوونە بەشداری جەماوەری لە خەباتی شار بنەمای سەرەکی ئەو جۆرە خەباتەیە و بنەمای سەرەکی خەباتی شاخیش دیپلۆماسی و پێشمەرگەیە کە بە گشتی دەکرێت بڵێین ڕاسان سێ کۆڵەکەی هەیە:

**A:** جەماوەری کوردستان نەک تەنیا وەک پێگەی کۆمەڵایەتی، بەڵکوو وەک چالاکی خەباتکارانە
**B:** پێشمەرگە وەک هێزی چەکداری بۆ ڕوبەڕووبونەوە لەگەڵ دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی
**C:** دیپلۆماسی ناوچەیی لەسەر بناغەی دوژمنایەتیی هاوبەش لە گەڵ کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی زیاتر کردنی زەخت لە سەر کۆماری ئیسلامی بە ئامانجی پێمل کردنی لە بەرانبەر خواستەکانی خەباتی نەتەوەیی_ دێموکراتیکی کوردستان دا.

**٢. داعش**

داعش، وەکوو هێزێکی تێرۆریستی هێرشبەر کە لە قۆناغی پاش داگیرکردنی موسڵ ، توانایی هێرشبردن و دڕندایەتی ئەو ڕێکخراوەیە، بوو بە هۆیەک بۆ لێک نزیکبوونەوەی کاتی بەرژەوەندی چەندین هێز و لایەنی ناوچەیی و جیهانی لە پێناو لە نێوبردنی توانایی هێرشبەری و تەنانەت پێکهاتەی ڕێکخستنەکەی باسی لەسەر دەکرێت.

**پاش سەرەتا:**
ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، وەک هەموو ناوچەکانی جیهان ئاراستەی کردەوە سیاسییەکانی لەسەر چەند بناغەی سەرەکی و هاوپەیوەندی و ململانێی چەندین ستراتیژی جیاواز دیاری دەکرێت.
یەکێک لە بناغەکانی دیاریکەری ئاراستەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، دۆزی کوردستانە، بەڵام کوردستان نەک بە واتای تەنیا بزوتنەوەی کوردستان بەڵکوو بە واتای بزوتنەوەی کوردستان و "شوناسی کورد بوون"؛
دۆزی کوردستان لە تەواوی سەدەی ٢٠ هەتا ئێستا بۆتە هەوێنی ئاراستەکاری لایەنە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.
لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا چوار دۆز لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم بەولاوە، دیاریکاری ڕێڕەو و ئاراستەی سیاسەتی ئەو ناوچەیە بوون:

**١. دامەزرانی ئیسرائیل**
**٢. تەناهی وزە**
**٣. شەڕی سارد**
**٤. دۆزی کوردستان**

ئەو چوار دۆزە لە تەواوی ماوەی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا ئاراستەی سیاسەتی زلهێزە جیهانییەکان و دەسەڵاتە ناوچەییەکانی دیاری کردووە، و پاش سەدەی بیست و ڕووخانی سۆڤییەت وەک لایەنێکی بەڕێوەبەری سیاسەتی شەڕی سارد بە شێوەی کاتی ئەو لایەنە سیاسییە کە بەرژەوەندی سۆڤییەتی دەپاراست، لاواز بوو، بەڵام لە سەرەتای دەیەی بیستەمی ئەم سەدەیە (سەدەی ٢١) سەرلەنوێ پاش بە دەسەڵاتبوونەوەی ڕووسیا دۆزی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا وەک زلهێزێکی جیهانی، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هاتەوە گۆڕێ و لە ئێستادا دەکرێت، ئەو دۆزانەی خوارەوە وەک ستراتێژی گرینگ و دیاریکاری کردەوەکانی زلهێزە جیهانی و دەسەڵاتە ناوچەییەکانی نێو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دیاری بکرێت:

**١.** پاراستنی تەناهی ئیسرائیل
**٢.** پاراستنی تەناهی وزە
**٣**پاراستی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی ڕووسیا لە لایەن زلهێزە جیهانییەکانەوە، وەک زلهێزێک کە لە ڕووی جوغرافیاییەوە دراوسێی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە.
٤: دۆزی کوردستان
٥: قەیرانی وشکەساڵی و کەمی ئاو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا
٦: ڕوبەڕووبونەوە لەگەڵ گەشەی ڕەوتی ئیسلامی_جیهادی
٧: پاراستنی شکۆی نیشتمانی عەرەبی
٨: وەدی هێنانی خەونی هیلالی شێعەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران

داعش وەک هێزێکی تێرۆریستی هێرشبەر لە پاش پەیدابوونی لە عێراق و داگیرکردنی موسڵ بە هۆی ئەوەی خۆی وەک مەترسی بۆ سەر هەموو دۆزە ستراتێژییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نیشان دا؛ هاوئاراستەییەکی کاتی بەرفراوانی نافەرمییان لە نێوان هێز و لایەنە سیاسییە ناوچەیی و جیهانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ساز کرد.

هێزە ڕۆڵگێرەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست
لە قۆناغی ئێستا و بەو هۆکارانە:
**١.** پەیڕەوکردنی "سیاسەتی شەڕی تێرۆریزم" لەلایان ئەمەریکاوە و هەڵبژاردنی جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەک چەقی ئەو شەڕە.
**٢.** ئاڵوگۆڕەکانی پاش بەهاری عەرەبی و پاشاگەردانییەکانی دەرئەنجامی ئەو ئاڵوگۆڕانە.
**٣:** بەکارهێنانی بەرینی ئینتێرنێت و ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی لەلایان خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە.
**٤:** شەڕی نیابەتی نێوان هێزە ناوچەییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست
**٥.** لاوازی دەوڵەتەکان و بڵاوبونەوەی دیاردەی توندوتیژی بەرفراوان
دەکرێت، بڵێین کە لە چاو سەدەی پێشوو کۆمەڵێک هێزی بچووک، بەڵام ڕۆڵگێڕ لە گۆڕەپانی سیاسەتە ستراتێژیکەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا سەری هەڵداوە، کەوایە لە ئێستادا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، لەگەڵ سێ جۆر هێزی ڕۆلگێڕ لە نێو گۆڕەپانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرەوڕووین:
**١.** هێزی سیاسی و نیزامی سەر بە دەوڵەتەکان کە ڕەوایی نێودەوڵەتییان هەیە، کە ئەو بەشە خۆی بەسەر دووبەشدا دابەش دەبێت:
**ئا.** هێزی دەوڵەتە ناوچەییەکان
**بی.** هێزی زلهێزە جیهانییەکان
**٢.** هێزی سیاسی و نیزامی دەوڵەتەکان کە ڕەوایی نێوخۆیی یان نێودەوڵەتییان لە دەست داوە.
**٣.** هێزی سیاسی و نیزامی نادەوڵەتییەکان و میلیشیاکان

بەر لە ئەوەی توانایی هێرشبەری داعش بەری پێبگیرێت، داعش وەک هێزێکی پەنگخواردووی مەترسیدار، بۆ سەر هەموو دۆزە ستراتێژیکەکانی ئاراستەکاری سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەدی کرا؛ هەر بۆیەش لەنێوبردنی داعش بوو بە خاڵی هاوبەشی سیاسەتی ناوچەیی زلهێزە جیهانییەکان و هێزە ناوچەییەکان و ئامانجی لە نێو بردنی توانای هێرشبەری داعش هاوئاراستەییەکی ڕاگەیاندراو، و هاوپەیمانێتییەکەی ڕانەگەیەندراوی لە ناوچەکەدا ساز کرد.
لە قۆناغی پاش داعش ئەو خاڵە هاوبەشە کە بە شێوەی کاتی و تاکتیکی لایەنە سیاسییەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی لەیەک نزیک کردەوە لە نێو دەچێت و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی هاوپەیمانییەکانی پاش داعش هاوپەیمانییەکی ستراتێژیک و قوڵتر لە سەردەمی بوونی داعش بێت.

کوردستان لە قۆناغی دوای داعش
پێش ئەوەی بچێنە سەر بابەتی کوردستان لە قۆناغی دوای داعش دەبێت باسێک لەسەر ئەو بابەتە بکەین؛ دۆزی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەم وەک شۆڕش و هەم وەک شوناسی کوردی بۆتە دۆزێکی ئەمنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەو واتایەی کە بناغەی شۆڕشی کوردستان شوناسی کورد بوون و دەستەبەرکردنی ماف بۆ ئەو شوناسەیە و ئەوەش وای کردووە کە لە هەبوون و نەبوونی شۆڕشێکی چەکداری بەدەسەڵات لە کوردستاندا داگیرکەرانی کوردستان باس و بابەتی پەیوەندیدار و کارتێکەر لەسەر شوناسی کورد بوون، وەک مەترسییەک بۆ سەر ئاسایشی خۆیان سەیر بکەن، باشترین وێنا لێرەدا ، بابەتی خوێندنی زمانی کوردی لە ئێران و تورکیایە، لەگەڵ ئەوەی خوێندنی زمانی کوردی لە ڕووی دەستوورییەوە لە ئێران ڕێگەپێدراوە، بەڵام حکوومەت هەتا ئێستا ڕێگە بەوە نادات زمانی کوردی لە قوتابخانە فەرمییەکاندا بخوێندرێ، لە تورکیاش لە پاش کودتای ١٥ی ژوئیەی ٢٠١٦ یەک لەو ناوەندانەی وەک مەترسی ئەمنی لەسەر تورکیا لە لایان دەوڵەتی تورکیاوە هێرشی کرایەسەر و داخرا ئەو ناوەندانە بوون کە لەوێدا خولی فێرکاری زمانی کوردی بەڕێوە دەچوو.
زۆر بەروونی لێرەدا دەردەکەوێت کە لەسەر دۆزی کوردستان ئێمە لەگەڵ دوو ئەکتەر بەرەوڕووین:
**١.** شۆڕشێکی کوردی کە خوازیاری مافی نەتەوەی کوردە
**٢.** حکوومەتێکی داگیرکەر کە شوناسی کورد بوون بە مەترسی ئەمنی لەسەر خۆی دادەنێت.
ئەوەی گرینگی داوە بە دۆزی کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ئەوەیە کە لە نەبوون یان لاوازی شۆڕشی کوردیشدا، ئەکتەری دووهەم بەشێک لە سیاسەتە ناوچەییەکانی خۆی لەسەر بناغەی ڕێگرتن لە هەڵگیرسانەوەی ئەو شۆڕشە و سڕینەوەی شوناسی کوردی دادەمەزرێنێت.
هەروەها بەو هۆکارەی کە چوار دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان هەم چوار دەسەڵاتی نێو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستن و هەم کارتێکەریان لەسەر کۆی بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی ئەو ناوچەیەدا هەیە، کە وایە ئێمە دۆزی کوردستان هەم وەک شۆڕش و هەم وەک شوناس بەردەوام لەسەر ئاراستەی سیاسەتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کارتێکەریان هەبووە و دەبێت.
پاش گەرمبوونەوەی پەیوەندی دیپلۆماسی نێوان تورکیا و ئێران لە ڕۆژی ٢٠١٦/٨/٢٤ بە ڕەسمی هێزی چەکداری تورکیا چووە نێوخاکی سووریاوە ئەوەی کە لێرەدا بۆمان ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە تورکیا بەفەرمی گوتویەتی: نابێ کوردەکان بچنە خۆرئاوای چۆمی فوراتەوە (لێکدانەوەی ڕۆژنامەی صباح تورکیا کە لە ڕۆژی ٢٠١٦/٨/٢٤دا لەو ڕۆژنامەیە بڵاوبۆوە).
ئەوە بۆ خۆرئاوای کوردستان، هەم دڵخۆشکەرە و هەم مەترسییە ئەگەر تورکیا تەنیا لەگەڵ ئەوە کێشەی هەبێت کە کوردەکان بگەنە خۆرئاوای چۆمی فورات بەو مانایەیە کە تورکیا دەیەوێت کوردستانی باشوور و ڕۆژئاوا بخاتە جۆرێک گەمارۆی ژێئۆپۆلتیکییەوە، هەتا لەو ڕێگایەوە بە شێوەی ناڕاستەخۆ سوار بێت بەسەر ڕووداوە نێوخۆییەکانی ئەو پارچەیەدا، ئەگەر کورد لە کوردستانی خۆرئاوا دەستی بگاتە خۆرئاوای چۆمی فورات، بەو مانایەیە کە توانیویەتی لە سنووری ئاوی ئازاد نزیک بێتەوە و ئەوەش بە مانای ئەوەیە کە حکوومەتی کوردی باشوور و خۆرئاوا دەتوانن بە ڕێککەوتنێک، ئەو وزەی لە باشوور و خۆرئاوا هەیە لە ڕێگای خۆرئاواوە ڕەوانەی بازارە جیهانییەکانی بکەن، ئەو کارە دەبێتە هۆی بێمنەتی باشوور لە تورکیا و ئێران و بە تەواوی هاوسەنگی ناوچەکە هەم لە ڕووی ژێئۆپۆلیتیکی وزە و هەم لە ڕووی ژێئۆپۆلیتیکەوە دەگۆڕێت، بەڵام دەیەوێت لە ئێستادا بۆ ئەوەی ئەو بابەتە وەک واقعێکی سیاسی لە بۆشایی دەسەڵاتدا نەیەتە دی، هێزی چەکداری تورکیا بچێتە خاکی سووریاوە دەتوانێ پێش بەو ئاڵوگۆڕە ژێئۆپۆلیتیکییە بگرێت، و ڕێگەنەدات حکوومەتی کوردستان لە سنووری ئاوی ئازاد نزیک ببێتەوە. چونکە نزیکبونەوە لەو سنوورە بەو واتاییە تورکیا و ئێرانیش دەستیان لە نێو ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستانیان زۆر کورتتر دەبێتەوە.
لێرەدا ئەگەر تورکیا تەنیا مەبەستی ئەوە بێت، بۆ تێکنەچوونی پێگەی ژێئۆپۆلیتیکی خۆی ڕێگە لە نزیکبوونەوەی کورد لە گەیشتن بە ئاوی ئازاد بگرێت، ئەوە دەتوانێ بەو مانایە بێت، کە تورکیا لەگەڵ کورد و حکوومەتی کوردی ئەم دیوی چۆمی فورات کێشەی نییە، واتە تورکیا نایەوێت یان باشتر بڵێین ناتوانێ دەسەڵاتی کوردی و شوناسی کوردی دیوی خۆرهەڵاتی فورات لەنێو بەرێت، ئەوەش یانی دەسەڵاتێکی کوردی لە خۆرئاوای کوردستان بۆتە ئەمری واقع و لەنێو بردن و خنکاندنی لە ئیرادەی تورکیا و ئێران دا نییە.
کەوایە لە ئێستادا ئەوەی لە هەنگاوی یەکەمدا ستراتێژی دوو داگیرکەری کوردستان واتە کۆماری ئیسلامی و تورکیا دیاری دەکات، لاواز کردنی دەسەڵاتی سیاسی کورد لە ناوچەکەدایە ، نەک سڕینەوەی شوناسی کوردستان.
بەڵام لەسەر بابەتی گەمارۆی دوو دەسەڵاتی باشوور و خۆرئاوا لە لایان تورکیاوە، کە ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٢٤ بە فەرمی کەوتە قۆناغی جێبەجێکردن دەبێ بڵێین: کوردەکان دەبێ کارتێکی تر لە دژی تورکیا بەکار بێنن، ئەو کارتەش گۆڕینی قووڵایی ستراتێژی خۆیانە بۆ باکووری کوردستان ، لێرەدا هەم خۆرئاوا و هەم باشوور بۆ دەربازبوون لە گەمارۆی تورکان ناچارن قووڵایی ستراتێژی خۆیان بەرنە باکوور و لە ڕێگای بزوتنەوەی کوردی لە باکوور زەخت بخەنە سەر تورکیا و گەمارۆی سەر خۆیان بشکێنن.
ئەو گەڵاڵەیە واتە قووڵایی ستراتێژی باشوور و خۆرئاوا، باکوور ئەگەر سەرکەوێت، دەتوانێ تەنیا گارانتی هەبوونی ئەمنیەت و ئاسایش و گەشە لە خۆرئاوا و باشوور لە دەست تورکیا بێت.
قووڵایی ستراتژی کوردستان و ڕاسان
لەسەر بابەتی ڕاسان و قووڵایی ستراتێژیکی کوردستان و بەو خوێندنەوەی لە سەرەوە لە دۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کردمان؛ دەکرێت بڵێین ڕاسانی خۆرهەڵاتی کوردستان بەو هۆکارانە قووڵایی ستراتێژیکی سێ پارچەکەی تری کوردستانە:
**١.** کۆماری ئیسلامی ستراتێژی دزە کردن لە وڵاتانی ناوچەی لەسەر بنەمای ئایینی ئیسلام و ئایینزای شێعە دامەزراندووە و ئەوەش وای کردووە کوردستانی باشوور وەک ناوچەیەک کە مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتداریێتی شێعە لە بەغدا هەیە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە سەیری بکرێت و ئەو ڕێژیمە بە هەموو چەشنێک هەوڵبدات دەسەڵاتی کوردی لە کوردستانی باشوور لاواز و بێ‌توانا بکات.
**٢.** ئەگەر دەسەڵاتی ناوەندی لە سووریا بوونی کورد وەک دەسەڵاتداریێتی لە ناوچەی کوردستانی خۆرئاوا قبوڵ بکات، دەسەڵاتداریێتی لە سووریا لە دەسەڵاتداریێتی ناوەندگەراوە دەگۆڕدرێ بۆ دەسەڵاتداریێتی ئۆتۆنۆمی یان "لامەرکەزیت" و ئەوەش بە قازانجی ستراتێژی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نییە.
**٣.** دۆزی کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی‌نێوەڕاستدا لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە، دۆزێکی ئەمنییە، کە دەتوانێ ڕاستەخۆ کارتێکەری لەسەر تەناهی نێوخۆی ئێراندا هەبێت.
**٤.** هەبوونی هێزێکی کوردی کە دژایەتی کۆماری ئیسلامی بکات، بە واتای ئەوەیە کە لایەنێکی کوردستانی لەسەر بناغەی دەستدرێژکردنییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا دەتوانێ ببێتە هاوپەیمانی هێزە ناوچەیی و جیهانییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی و ئەوەش بەو مانایەیە کە لە ڕێگای ئەو هێزە کوردییەوە دەکرێت ئاراستەی هێزە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی بە قازانجی کوردستان بشکێتەوە.
**٥.** کۆماری ئیسلامی بە لێدانی پتر لە ٥٣ بەنداو لە کوردستان کە ٩ بەنداوی گەورەی بۆ بەرگرتنی ئاوی ئەو چۆمانەیە کە لە ڕۆژهەڵاتەوە دەڕژێنە خاکی باشوورە دەیەوێت گەمارۆیەکی ئاوی بخاتە سەر باشووری کوردستان، ڕاسان گەورەترین بەربەست لە بەرانبەر ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی دایە.
لە قۆناغی دوای داعشدا هاوپەیمانییە ناوچەییەکان لەسەر بناغەی ستراتێژییە گرینگەکانی نێو ڕۆژهەڵاتی‌نێوەڕاستدا، سەر هەڵدەدات و کۆماری ئیسلامیش وەک لایەنێکی سیاسی کە بناغەی سیاسەتی ناوچەییەکەی خستۆتە سەر دزەکردن لە وڵاتانی ئیسلامیدا و باشوور و خۆرئاوا وەک دوو بەشی کوردستان کە مەترسییان بۆ سەر پێگەی ژێئۆوزەی کۆماری ئیسلامی و ستراتێژی هیلالی شێعەی ئەو ڕێژیمە هەیە، هەروەها باکوور، باشوور و خۆرئاوا وەک شوناسی کوردی کە کارتێکەریان لەسەر شوناسی کوردی خۆرهەڵات هەیە و لەو ڕێگایەوە کارتێکەریان لەسەر تەناهی نێوخۆی کۆماری ئیسلامییدا هەیە، لە ڕووی ستراتێژییەوە هەر سێ بەشی کوردستان مەترسیین بۆ ستراتێژییەکانی سەر کۆماری ئیسلامی و تەنیا ڕێگای ڕووبەڕووبونەوەش لەگەڵ ئەو بابەتە ئەوەیە کە بەشەکانی کوردستان ناڕاستەخۆ پشتی ڕاسانی خۆرهەڵات بگرن و بۆ پەرەی ڕاسان ڕێگەخۆشکەر بن.

# هەڵاواردن، دەمارگرژی و سڕینەوەی مەسئەلە

کەیوان دروودی




ڕووداوی تاران پێچەوانەی زۆرینەی لێکدانەوەکان نەک لەجێ ڕوویدا و نە نەخوازراو بوو، نە بەو واتایە یەکلاکەرەوە کە بڵێین سێناریۆی پەتی بوو، بەڵکوو لەو ڕووەوە کە حاکمییەت ساڵانێکی زۆرە بەشێوازی داڕشتنی سیاسەتی سیستماتیک بەستێنی بۆ ڕووداوی ئەوتۆ خۆش کردووە. هەربۆیە لێرە بەتەئکید لەسەر ئەم ڕووداوە لەپانتاییەکی گەورەتردا هەوڵ ئەدرێ بەشێک لە ئەم بەستێن سازییە لە ناوخۆ و دەرەوە بخرێتەڕوو. دوابەدوای ڕووداوەکەی تاران، گەلێک شیکاری و لێدوان لە شەقامەوە تا گەورە تریبوونی ڕاگەیاندنەکان خرایەڕوو، بەڵام بەوەیشەوە بەوردی پەردە لەسەر بوونی هەڵاواردن لانەدرا. ئەسڵێکی زانستی ئەڵێ، نیوەی وەڵام لە پرسیاردا دەست دەکەوێ! بەڵێ لەکاتێکدا نەوێرین پرسیار بخەینەڕوو دیارە بە وەڵامی دروست ناگەی؛ بۆیە پێویستە پێناسەیەکی کورت بۆ دوو چەمکی هەڵاواردن و دەمارگرژی بکرێت: دەمارگرژی بریتییە لە جۆرێک بەکگراوندی زەینی (بروا و لێڕوانینە خۆییەکان) لای کۆمەڵە کەسێک سەبارەت یان بەرامبەر بە کۆمەڵە کەسێکی تر. پێشمەرجەکانی بوونی لێڕوانینێکی پێشوەختە و وێنایەکی گشتیی نەگۆڕە لەسەر لایەنی بەرامبەر ـ کە زۆربەی لەسەر بنەمای قسە و بیستنە نەوەک زانیاریی پشتڕاست کراوە ـ تا شوێنێک کەوا سەرەڕای پێگەیشتنی زانیاریی نوێ و پێچەوانە، هەر نەگۆڕ و چەمک هەڵنەگر دەمێنێتەوە. ئەگەرچی دەمارگرژی، بنەڕەتی هەڵاواردنە، بەڵام دەکرێ ئەم دوو چەمکە بەجیا بوونیان هەبێ، وەک ئەوە تاکێک هزرێکی دەمارگرژانەی هەبێ، بەڵام لەسەر کردەوەی شوێندانەر نەبێت یان ئەوەی کە هەڵاواردن هەبێ بەڵام لە دەمارگرژییەوە سەرچاوەی نەگرتبێ (ئانتۆنی گیدێنز).

هەڵاواردن بەپێچەوانەی دەمارگرژی فۆرمیکی کردەکییە کە لە شێوازی هەڵسوکەوت ڕەنگ دەداتەوە. زانستی نوێی کۆمەڵناسی هەڵاواردن بە دوو جۆری یاسایی و بناغەدار دەزانێ. لە هەڵاواردنی جۆری یەکەم بەند و برگەی یاسایی ڕاستەوخۆ ڕێگاخۆشکەر دەبێ یان دەکرێ بڵێین حوکم دەدا بە هەڵاواردن. لە هەڵاواردنی بناغەداردا هەڵسوکەوتی نایەکسان و نادادپەروەرانە کە لە داب و نەریت و فەرهەنگدا شێوەی گرتووە و پێچەوانەی جۆری یاسایی کە دەکرێ بە پێداچوونەوە ڕیفۆرم بکرێ، پێویستە بۆ لابردنی گۆڕانکاریی قووڵی درێژخایەنی هزری و کولتووری بکرێت. بەم کورتەباسەوە دەچینە ناو باسی سەرەکیی بابەتەکە کە خوێندنەوەیەکە لەسەر خۆبواردنی ناوهێنانی ئەم دوو دیاردە. لەڕاستیدا بەرژەوەندی بەشێکە لە پاڵنەری هەڵاواردن لای هەڵاوێرەوە. بەڵام بەرژەوەندییەکان چین؟ هەروەک باسمان کرد هەڵاواردن لەدوو جۆری یاسایی و بناغەدار پێکهاتووە، لەڕووی یاساییەوە دیارترین بەرژەوەندی ڕێگرییە لە یەکسانی کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پوان و ئیمتیازانەی کە کۆمەڵە کەس، گرووپ یان گەلی سەردەست لەڕێگەی ڕێگەخۆشکردنی یاساییەوە بۆخۆی دەستەبەری دەکات و لەهەمان کاتدا ئەویتری لێ بێبەش دەکات. بۆ نموونە لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا بنەمای حکوومەت لەسەر ئایینی زۆرینە دانراوە و گرینگترین پۆستەکانیش لە دەستی ئایینی شیعەی "اثنی عشری" دایە. لەمە گرینگتر لایەنە نادیارەکانی هەڵاواردنی سیستماتیکە لەڕێگەی یاساوە کە یەکێک لە گرینگترینەکانیان داڕشتنی سیاسەتی دەرەکییە بەپێی مەزهەبی گەلی باڵادەست. ئەمە حاشاهەڵنەگرە کە لە کاتێکدا خوێندنگەکانی بەلووچستان کەوێڵ و کەلاوەیە باشترین نەخۆشخانەکان بۆ ناوچە شیعەنشینەکانی عێراق ساز دەکرێ.هەروەها بەمەبەستی پێکەوە گرێدانی سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی لە تێچووی گشتی باجی ئاوەدانکردنەوەی لوبنان دراوە و لە ڕووی لۆژێستیکەوە یارمەتیی حووسیەکانی یەمەن دەدرێ. کەوایە لەپاڵ یاسای بنەڕەتیدا، سیاسەتی فەرمیی سیستمیش بەجۆرێک لەسەر بنەمای هەڵاواردن داڕێژراوە. هەروەها لە سیاسەتی ڕاگەیاندندا، وێڕای کاولکاریی پەروەردەیی و پەرەپێدانی دەمارگرژی مەزهەبی، ئەم ڕاگەیەندراوە مەزهەب لێدراوە دیسان تەرخانە بۆ ئایینزای شیعە. وەک چۆن نارەزایەتیی کەمینەی شیعە لە وڵاتانیتر گەورەنوێنی دەکرێ بەو بارتەقایە نارەزایەتیی کەمینەی ئایینزایی لە نێوخۆ کپ دەکرێ.

ئەوەندەش بەسە بۆ ئەوەی لە نەبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی و هاووڵاتیی مۆدێرن، یاسای سێکۆلار و سیستمی ساغڵەمی ئیداری و دەوڵەتی، ڕادیکاڵیزمی ئایینزا کەمینەکان گڕ بگرێ، بەڵام ڕوویەکی تری باسەکە هەڵاواردنێکی ڕیشەداکوتاوە لە جەرگەی جەماوەر کە چەندقات شوێندانەرترە لەوەی پێشوو و هەر بەو هۆیەشەوە کزکردن یان لابردنی پەیوەستە بە ئیرادەیەکی جیددی لە دوو توێی پرۆسەیەکی درێژخانی ژێرخانەکانی کولتوور، نەریت و گەشەی کۆمەڵایەتی. لەڕاستیدا تێڕوانینی گەلی باڵادەست بە دەربڕینەکانی بۆچوونیانەوە دیارە. ئەگەر ڕووداوەکەی تاران بە سووژەیەک بۆ ئەم بابەتە دابنێین؛ دەبینین کە بەجێی گەڕان بەدوای هۆکارەکان یان دۆزینەوەی ڕێگەچارەسەرێک، زۆرینەی لێدوانەکان لە بەکگراوندی تاکەکانەوە سەرچاوەی دەگرت. ئێمە بە کەمی گوێبیستی لێدوانێک بووین کە بەدوای هۆکاری ناوخۆیی و سیستماتیکەوە بگەڕێ. بەڵام یەکێک لەو خاڵانەی کە زەینییەتی گەلی سەردەست و دەسەڵات لەسەری کۆک بوون، دەستەواژەی پیلانگێڕانی دەرەکی بوو. لەسەر ئەم تەوەرە لێرە هەڵدەستین بە خستنەڕووی چەند پرسیارێکی سەرەکی: یەکەم، هۆکاری دووپاتکردنەوەی بەردەوامی ئەم بۆچوونە چییە؟ دووهەم، ئەم دەربڕینانە بە چ ئاڕاستەیەکمان دەبات و هەروەها قازانجبەرانی ئەم کەس و لایەنانە لە گرتنەبەری ئەم ڕێڕەوە کێیە یان کێن؟ لەجێدا دەبێ ئەوە بزانین کە یەکەم دەرهاویشتەی ئەم جۆرە بۆچوونە ئەوەیە کە بەشێوەی یەکلاکەرەوە زەینی بەردەنگ بەرەو دەرەوەی سنوورەکان پەلکێش دەکات کە بەپێی چییەتیی دەسەڵات و لایەنگرانی بەتەواوەتی دڵخواز دێتە بەرچاو. ئەمە ڕەنگ بێ گرینگترین هۆکاری ئەمجۆرە تێڕوانینە تاک ڕەهەند و موجەڕەدە بێت. ئەم ڕاستییە ئەودەم بەرچاوترە کە بزانین ئێرانی مەزن لەلای لایەنگرانی جاڕدەرانی، شارستانییەتێکە کە لەلای دەرەوە بەردەوام لەژێر هەڕەشەدایە. ئەم ڕەهەندە ناسیۆنالیستییە پان فارسییە لە هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئێران لە ٥٧ەوە بە دینامیزمی هەناردەکردنی شۆڕشی ئایینزایی شیعەتەوەر هەڵسووڕاوە و کۆڵەکەی ڕاگری بووە هەتا ئێستا. واتە هەروەک باسمان کرد بەرژەوەندیی هەڵاوێر چ لایەنی ئایینزایی و چ ناسیۆنالیستی پەلهاوێژیی ئیرادەگەرایە، لە خستنە دەرەوەی کێشە ناوخۆییەکان کەڵکی ئیدئۆلۆژیکی / کردەکی وەردەگرن، بەدیوێکی تر پەلهاویشتن بۆ دەرەوەی سنوورەکان و لە ئاکامدا بەریەککەوتن لەگەڵ وڵات و نەتەوە دراوسێکان، ئاکامی ئاسایی و پێشبینی کراوی ئەم جۆرە تێڕوانینەیە کە هاوکات هەم نکۆڵی لە شەقڵی سیاسی / کۆمەڵایەتیی ناوخۆیی دەکات و هەم بەرهەڵستکارانی دەرەکی وەک دوژمنی گشتی دەناسێنێ. ئەمە لەحاڵێکدایە کە ئەم کردارە نەک لە بەرژەوەندیی هەڵاوێردراوادا نییە بەڵکوو ڕێک پێچەوانەیە. بەڵام لە وەڵامی پرسیاری دووهەم دەبێ بەپێی بابەتەکە کە زیاتر باس لەلایەنی زەینی و سابژەکتیڤ دەکات، بپرژینە سەر ئەوەی کە ئایا ئاڕاستەی ئەم تێڕوانینە لەڕووی ڕای گشتی و زەینی بەرەو کوێ دەچێت. یەکەم ئەوەیکە ئەم ڕوانینە بەتەواوەتی بوونی پرسێکی ناوخۆیی کە تەنانەت بۆخۆیشیان جاروبار دانیان پێداناوە، وەلا دەنێ. بەو واتایە کە نکۆڵی هەرجۆرە هەڵاواردنێک لە ناوخۆ دەکات. ئەمەش وادەکات کە دەرگای تێگەییشتن لە پرسەکە لەلایەکەوە بەتەواوەتی دابخرێت. ئەگەر تەنیا ئەم ڕووداوە وەک نموونە بێنینەوە دەبینین کە سەرجەم بکەران ناوخۆیین و هەر ئەوەش بەسە بۆ ئەوەی لە ناوخۆ بەدوای چارەسەردا بگەڕێن. کەوابوو بەکردەوە ئاڕاستەکە بەرەو هێشتنەوەی دۆخی هەنووکەیی ناوخۆیی دەڕوات کە ئەمەش بەڕوونی واتە ڕاگرتنی حاڵەتێک کە تیایدا هەڵاوێر باڵادەستیی خۆی هەروا پارێزراو دەهێڵێت. کەوایە، لایەنی باڵادەست لەم ڕووداوەدا بۆ گواستنەوەی کێشە بۆ دەرەوە و هێشتنەوەی بارودۆخی هەنووکەیی لە ناوخۆ کەڵک وەردەگرێ. تا ئێرە ڕەنگ بێت بە بەشێک لە وەڵامی دوایین پرسیار گەیشتبێتین، بۆیەش تەنیا ئاماژە بە بەرژەوەندییەکان دەکەین. وەک گوتمان، هەڵاواردن یاسایی و بناغەییە کە لە دوو ڕووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و یاسا لە قەوارەی کۆمەڵایەتی و حکوومەتیدا خۆ دەردەخەن. لە تابلۆی سیاسی / کۆمەڵایەتیی ئێستای ئێراندا ئەم دوو چەشنە هەڵاواردنە بەجۆرێک تەواوکەر و ڕاگری یەکتر بە ئەژمار دێن؛ کاتێکیش کە دەڕوانینە ئەم دوو قەوارە لە ڕووی قازانج و بەرژەوەندییەوە، گەلی باڵادەست لە دەسەڵاتی حکوومەت کە نوێنەرایەتیی ئیرادەی خۆی ـ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ـ دەکات، قازانجی کولتووری، سیاسی و چینایەتی و هتد وەردەگرێ. ئەم بەرژەوەندییانە لەڕووی عەینی نموونەیان زۆرە کە گرینگترینیان بەکورتی ئەمانەی خوارەوەن: پەروەردە و فێرکاری، قۆرغکردنی ئابووری، سیستمی برۆکراسی و ڕاگەیاندن کە شیکردنەوەیان بەوردی لێرە ناگونجێ و تەنیا ڕەهەندی هەڵاواردنی ئابووری وەک بنەما دەگرین. بەپێی دوایین بەدواداچوونە مەیدانییەکانی کۆمەڵناسان و ناوەندەکانی توێژینەوە، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان تاوان و تەریک خراوی/هەژاری بوونی هەیە. واتە پەیوەندیی بەرزبوونەوەی تاوان و هێڵی هەژاری لە ناوچە پەراوێزکەوتووەکان ڕاستەوخۆیە.

بە دەربڕینێکی ساکار، بەشێک لە خەڵک، لایان وایە کە کۆمەڵگە خەریکە تەریکیان دەخات و هەست دەکەن کە بۆ کۆمەڵگە هیچ بایەخێکیان نییە. بەم پێیە ئەگەر قەوارەی کۆمەڵگاکە نەریتی بێت و هاوکات هەڵاواردنی یاسایی و بناغەییشی تێدا بێ، دەکرێ ئێران بەستێنێکی هەرە لەبار بێت بۆ گەشەی ڕادیکاڵیزم و تاوان. نموونەی بەرهەست لەم بارەوە پرسی قاچاخ و بەتایبەت کۆڵبەرییە لە ناوچە پەراوێزخراو/پەراوێزکەوتووەکان لە ئێران کە لە یاسا وەک تاوان ناسراوە و لای بەشێک لە خەڵکیش ئەو بیرۆکەی دروست کردووە کە بەڕاستی نیوەی خەڵکی ئەو ناوچەگەلە تاوانبار لەدایک ئەبن!! بەڵام ئەگەر بەوردی بچینە نێو ئەو باسەوە دەبینین کە ئاستی خۆش بژێوی لە خوارە و هەڵاواردنی ئابووری و سیستماتیک بەشێکی دانەبڕاوە لە سیاسەتی حاکمییەت لە ناوەند. بەڵام هیچکات هەڵاوێر هەڵنەستاوە بە گەڕان بەدوای چارەسەر بەڵکوو هەردەم کێشەکەی یان بەدەرەوە گرێداوە یان ئەوەی کە لە پڕژانەسەری خۆی بواردووە. بەڵام ئەم نکۆڵی لێکردن و یەکدەست سازییە ڕەهەندیتریشی هەیە و تەنیا پەیوەست نییە بە ئایینزاکانەوە و لایەنی زمانی، کولتووری، ئێتنیکی و نەتەوەییش دەگرێتەوە کە لێرەدا بەکورتی نموونەیەکی زەقی دەخەینەڕوو.

گوتاری ئێرانیی بەرەچەڵەک (اصیل)، ڕەگەزی بێخەوشی ئاریایی و تۆرەمەی پاقژی ئارییاییەکان و دەیان نازناوی نازانستی و بەدوور لە پرەنسیپە مرۆییە باوەکانی سەردەم کریاری لە ئاپۆڕای خەڵکی ئێران زۆرە، ئەم دیاردە بەشێک لە توێژەکانی سەر بە ئێتنیک و گەلانی هەڵاوێردراویشی گرتووەتەوە. ئەوەی جێی سەرنجە، دیسان بەرژەوەندیی هەڵاوێرە لە پەرەپێدانی ئەم وێژمانە کە بە ئاشکرا هەرجۆرە فرەچەشنییەک لە ئێراندا ڕەت دەکاتەوە لەحاڵێکدا بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە بنەماکانی ئەم وێژمانە ئەوەندە لەرزۆکە کە بڕواکردن بەو هەموو شوێنکەوتەیە، مرۆڤ تووشی سەرسووڕمان ئەکات. بەپێی زانستی ژنێتیک، بیۆلۆژی و تۆرەمەناسی، شتێک بەناوی نژادی پاقژ و یەکدەست بەتەواوەتی ڕەت کراوەتەوە. لە ئێراندا چەند جۆر بنەماڵەی زمانی و نژادی هەن کە بریتین لە هیند و ئورووپایی کە زمانەکانی بەلووچی، فارسی و کوردی دەگرێتەوە، سامییەکان کە عەرەبەکان و کەمینە جووەکان و هەروەها ئۆراڵ ئاڵتا کە ئازەری و تورکمانییەکان لەو بازنەیە جێ دەگرن. کەوایە نژاد و زمانی یەکدەست تەنیا وەهمێکە کە دەسکردە و بە پرۆپاگاندا و ورووژاندن سواخ دراوە. کۆی ئەم باسانە بەو ئەنجامەمان دەگەیەنێ کە لە ئێراندا نە سیستمی دەسەڵات و نە گەلی سەردەست بەدوای چارەسەریی کێشە ناوخۆییەکان نین و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرژەوەندییەکانی هەردوانیان. هەربۆیە نکۆڵی لە بوونی هەڵاوارن بەجۆرێک سڕینەوەی ئەسڵی مەسەلەیە و هەتا کاتێک ئەم ڕەوتە بەردەوام بێت، چارەسەریی کێشەکان ناکرێ و ئەگەری توندئاژۆیی و بەریەک کەوتنی گەورە هەروا بەهێز دەمێنێت و ڕووداوی تاران بەجۆرێک نەک نەخوازراو نییە بەڵکوو شوێن پەنجەی حکوومەت وەک ڕێخۆشکەری سەرەکیی پێوە دیارە، کۆتایی نەهاتووە و بەم زووانە کۆتایی پێنایەت.

# منداڵ فرۆشی،
# دیاردەیەک لە وڵاتی چەوسێنەری ئێران

**بەختیار عوسمانی**




ئێران وڵاتێکی چەوسێنەر و گیرۆدە بە نەخۆشییە، برین لەسەر برین لە جەستەی کز و لاوازیی وەک دیکتاتۆری، شەڕ، کوشتار، هەژاری، منداڵفرۆشی و ... سەرهەڵ ئەداو هەموویان لە وڵاتێکی ژێر حوکمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا پێکەوە دەژین.
یەک لەو قەیرانە بنەڕەتی و هەمیشەییانەی کە هاوڕێی تەمەنی حکومەتی تارانە، قەیرانی ئابووری و وەزعی شپرزەی ژیانی خەڵکە. هەرچەند ناتوانین بڵێین کە تەنیا سەرچاوەی دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکانە، بەڵام ڕێگەیەکی سەرەکییە بۆ سەرهەڵدانیان؛ لە ژێر چەپۆکی دەسەڵاتدارانی تاران خەڵک بەردەوام لەگەڵ ڕۆژرەشی و کارەساتی گەورە و گەورەتر ڕووبەڕوو دەبنەوە، هەر کارەساتە و تەنگی بەخەڵک هەڵچنیوە، هەر ڕۆژەو دیاردەیەک لە دایک دەبێ و بە بێ چارەسەر کردن ئەتەپنە سەر یەک، بە چەشنێک کە دەرفەت بۆ ناسینی نابێ کە ئەویش ئاوسە بە دیاردەیەکی قێزەونتر کە بەرهەمەکەی گەلێک دیاردەی دزێوی کۆمەڵایەتییە کە هەموو سنوورێکی بەزاندووە و جار لەگەڵ جار تووشی سەرسووڕمانی گەورەترمان دەکا. حوکمی داسەپاو و داپڵۆسێنەری ڕێژیمی ئێران لە هەموو کات زیاتر پەرەی بە هەژاری و بێ دەرەتانی داوە، خەون و ئاواتە دزێوەکانی دەسەڵاتداران هەرجارە و بە بیانوویەک لە پێناوی ئێرانێکی شکۆداردا! دەبنە چەرمەسەری و ژیانی کولەمەرگی دانیشتوانەکەی.

هەرچی دارونەداره لەم پێناوەدا خەرج دەکرێ و لە کۆتاییشدا گورزی ڕۆژگار لە خەونەکە رایاندەچڵەکێنێ ، کۆتا نموونە بەرنامەی چەکی ناوکی بوو کە سامانی وڵاتیان خستە خزمەت و پاشان بە کۆمەڵێک گەمارۆ و هەڕەشەی وڵاتان ملکەچ بوون و تێچووەکەیشی بە فیڕۆ چوو. ئێستا لە ئێران دیاردە دزێوەکانی وەک دزی کردن، تووشبوون بە ماددەسڕکەرەکان، ژیانی سەرشەقام و پارک بە ئاسایی وەردەگیرێ، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک دیاردەی دیکە هاتوونەتە گۆڕێ کە رووی دیاردە کۆنەکانیان سپی کردووە. یەک لەوان منداڵفرۆشییە؛ هەرچەند تازە و تایبەت بە شوێنێک نییە، بەڵام وەک دیاردە و بەم بەربڵاوییە کە هەموو سنوورێکی ئینسانی و تەنانەت ئابووریشی بڕیوە تایبەتە بە وڵاتی "ئیمام"! . هەژاری لە ئێراندا هۆکارێکی بەهێزە بۆ پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە؛ بە پێی سەرچاوەکانی خۆدی ڕێژیم لە سەدا ٤٠ی خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین.
کاتێک لە وڵاتێکی ٨٠ میلیونیدا نزیک بە نیوەی حەشیمەتەکەی بە دەستی هەژارییەوە دەناڵێنن و عەودالی تیکە نانێکن، چۆن چاوەڕوانی کارەساتگەلی وەک منداڵفرۆشی و لەمە زیاتریش نەبین؟ ڕوونە ئەم کارەساتە مرۆییە کە هەنووکە بەسەر خەڵکی ئێراندا هاتووە، بەرهەمی دەسەڵاتی دژی گەلییە.
لە وڵاتێک کە بە ناو ئاڵای ئیسلام و عەداڵەتی بەرزکردووەتەوە و ڕۆژانە گوێی خەڵک و دونیایی پێ کەڕ کردووە و گاڵتە بە حوکمی بە قەولی خۆیان بێدینەکان دەکا، ئێمە و هەموو دنیا دەبینین کە ژیان لە وڵاتی ئەمان و ئەوان چۆنە؟ مووچەی مانگانەی یەک کرێکار یەک میلیۆن تمەنە (لەشکری بێکاریش با بوەستێ)، بەڵام مووچەی بەرپرسێک یا بەڕێوەبەرێک یا نوێنەرێکی ڕێژیم لە مەجلیس کە بە یاسا بۆی بڕاوەتەوە ٢٤ بۆ ٣٠ میلیون تمەنە، لەوەش سەیرتر هێندێک بەشە موچەی بەرپرسە باڵاکانی ڕێژیم بە پارە نییە، بەڵکوو بە خاک و سامانی وڵاتە کە لە نێوان خۆیاندا دابەشی دەکەن.
ئەمڕۆ لە ئێراندا "خەو" زیاتر لەوەی کە چەمکێک بێ بۆ پشوودان و پێویستیەکی ژیانی ئاسایی، بووەتە پاشگری کۆمەڵێک دیاردەی نابەجێی کۆمەڵایەتی وەک"کارتۆن خەوی"، "گۆڕ خەوی"، "کونە خەوی"، "چەم خەوی" و .... . خەو لێرەدا نیشانەی بێچارەیی و داماوییە، نیشانەیەک لە کۆمەڵگای ئێرانە کە خەو دایگرتووە و بەم شێوە ڕێ دەکا، خەوخۆش و خەوی خێر لە مانای ئەرێنی خۆیان بەتاڵ بوونەتەوە و باری نەرێنیان بە خۆوە گرتووە، ئیتر چۆن هەژاری و نەهامەتی نابێتە هاوڕێ و چارەنووسی خەڵک و وڵات؟

کۆماری ئیسلامی وەک پیشەی هەمیشەیی کە پێکهێنەر و ڕاکێشەری گرفت و دیاردەکانە هەوڵ دەدا کە هەژاری لە ئەستۆی خۆی دوور بخاتەوە و بیخاتە ئەستۆی "ئەویتر" جا چ بێگانە یا بەرهەڵستکار بێ، ماوەیەکی زۆر خەڵکیان بە تایبەت لەو ناوچانەی کە نەتەوە مافخوراوەکانی تێدا دەژی بە بیانووی نەبوونی ئاسایش بۆ سەرمایەگوزاری و دواتر بە هۆی بەرنامە بەرزەفڕانەکەی (چەکی ناوکی) کە تووشی کۆمەڵێک گەمارۆ و سنووردارکردن بوو سەرقاڵ کردبوو، وەک ئەوەی پێش گەمارۆکان ژیانی خۆش و ئازاد باڵی بەسەر وڵاتدا کێشا بێ، خەڵکی ئێران لە هەموو کەس باشتر ئەو ژیانە تاڵ و ڕەشەیان بە گیان ودڵ چەشتووە و دەزانن کە هۆکارەکەی ڕێژیمی دیکتاتۆر و چەوسێنەری ئێرانە و بەس.
بە پێی ئاماری ناوەندی ئاماری ئێران لە حەشیمەتی ٨٠ میلیون کەسی ٢٣ میلیون و ٥٠٠ هەزار کەس منداڵی (کەمتر لە ١٨ ساڵ) هەیە و دیاردەی منداڵفرۆشی بەو قەیران و دیاردانە کە ڕۆژانە خەڵک ڕووبەڕوویان دەبێتەوە سەرهەڵ ئەدا، لە لایەکی دیکەوە یاساکانی ڕێژیم وەک توندوتیژی خێزانی، هاوسەرگیری منداڵان و ناڕوونی لە تەمەنی تاوان لە منداڵان بۆ خۆیان هۆکار و یارمەتیدەرێکی گرنگن بۆ پەرەگرتنی منداڵفرۆشی و بێ مافیان. هەرچەند ئامارێکی روون لەسەر منداڵە فرۆشراوەکان نییە، بەڵام هەموو لایەک بە کۆماری ئیسلامیشەوە کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی زۆر خێرا و پلەبڕ لە بەرزبوونەوەدایە.
ئەمڕۆ دایکان و باوکانی سەرشەقامەکان لە فرۆشتنی منداڵ پشکی شێریان بەرکەوتووە، زۆرن ئەو ژن و پیاوانەی کە بۆ سەرخۆش بوون یان پارویەک نانی ڕۆژانەیان منداڵ یا ئاوڵەمە (جنین) کەیان ئەگۆڕنەوە(*)، کەم نین ئەو ژنانەی کە بۆ ئەم مەبەستە دووگیان دەبن و بێ ئەوەی تەنانەت ئامادە بن جارێک شیر بە منداڵەکەیان بدەن یا بیبینێ هەر کە لە داوێنی کەوتەخوار، فرۆشراو و براوە، وەک کەرەستەیەکی ئاڵوگۆڕ نەک زیاتر چاوی لێ دەکرێ تەنانەت لەم ئێرانی شارستەنییەتەدا! نرخی توولەسەگێک لە منداڵێک گرانترە.
بەشی زۆری پرۆسەی منداڵفرۆشی لە نەخۆشخانە و ناوەندە حکومەتییەکان و لە بەر عەینەکی دوکتورەکانی سەلامەتی ڕێژیم جێبەجێ دەکرێ، بە بێ کێشە و دەمەقاڵەیەک، ئەگەر کەسێکیش وەدەنگ بێ جیا لە هەناسە هەڵکێشانێک هیچی دیکە ناکا. هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەم ڕێژیمەوە منداڵانیان بۆ جیهاد لە کەربەلا و فلستین ناونووسی و ئامادە دەکرد و ئێستاش کەمترین ئاوڕیان لێ نادەنەوە، تەنانەت لە بانگەشە و پرۆپاگاندەی هەڵبژاردنەکانیش ناو و جێگایەکی ئەوتۆیان نییە. جاران منداڵان (ئەوانەی بێ کەس وکار بوون) تەنیا بەو بنەماڵانە دەدران کە لە بوونی منداڵ بێبەش بوون و ئەوانیش دەیانگرتنە خۆ، بەڵام ئێستا بۆ ئامانج و کەرەستەی جۆراوجۆر کەڵکیان لێ وەردەگرن و بازارێکی گەرمیان هەیە:

- یاوەری سواڵکەر، بە مەبەستی هەست بزوێنی خەڵک، کۆتایی ئەم منداڵە لە باشترین حاڵەتدا سواڵکەرە.
- لە باندە مافیاکان بە تایبەت بە فرۆشیارانی مادده سڕکەرەکان ، بە مەبەستی گواستنەوەی ماددەکان.
- بۆ ئەندامانی جەستەیان، بە مەبەستی پارچەپارچە کردنی لەشیان و فرۆشتنیان.
- بۆ کار کردن لەسەر شەقامەکان
- بۆ بە کرێدان

ئەگەر ئەم ڕەوتە بەم شێوە بڕواتە پێش دەبێتە سەرەتای دووبارە بوونەوەی کۆیلەتی مرۆڤەکان، چوونکە ئەمە پرۆسەیەکە کە تەنیا لە توێژی منداڵان قەتیس نامێنێتەوە و ئەم منداڵە فرۆشراوانەیش گەورە دەبن و وەک کۆیلەیەک لە کۆمەڵگا ژیان بەسەر دەبەن.
ئەم ڕووداوانە هەمووی لە ئێرانی ئیسلامی و تارانی گەورە! لە نزیک و پاڵ "مەزار"و "بەیت" ەکەی خۆمەینی و خامنەیی کە بانگەشەی ڕێبەری هەژارانی دنیایان دەکرد، روو دەدا. وادیارە مەبەستیان هەژار کردن خەڵکی هەموو دنیا بوو ، نەک رزگارکردنیان لە هەژاری، چونکە تا ئێستا پێیان خستوەتە هەر وڵات و شوێنێک لە شەڕ و وێرانی زیاتر هیچی دیکەی بە دواوەوە نەبووە.
ئەگەر وڵاتێک هەژاری و داخراوی رووی تێ نەکردبێ، چۆن دەتوانێ ئاستی منداڵ بۆ کەرەستەیەکی بێ گیان کە کڕین وفرۆشتنی پێوە دەکرێ دابەزێنێ؟ کارەساتبارە کە هەست و سۆزی دایکایەتی و باوکایەتی تەنانەت لە فرۆشی منداڵەکە جێگای نییە، ئێمە چ چاوەڕوانییەکمان لەم وڵاتەدا هەبێ کە ژیان، مافی مرۆڤ و کەرامەتیان پارێزراو بێ؟

> **لە وڵاتێک کە بە ناو ئاڵای ئیسلام و عەداڵەتی بەرزکردووەتەوە و ڕۆژانە گوێی خەڵک و دونیایی پێ کەڕکردووە و گاڵتە بە حوکمی بە قەولی خۆیان بێدینەکان دەکا، ئێمە و هەموو دنیا دەبینین کە ژیان لە وڵاتی ئەمان و ئەوان چۆنە؟**

**(*) بە ماژیکێکی شین و خەتێکی خواروخێچ نووسرا بوو" باوک و دایکێک، کوڕی لە دایک نەبووی خۆیان پێشکەش دەکەن" لەو کاتەدا ئەو کوڕە، ئاوڵەمەیەکی ٥ مانگانە بوو کە بە ٥ میلیون تمەن فرۆشرا بوو.**

# شوناسی بکەرانی هێرشە تێرۆریستیەکەی تاران و پرسێک




ن: ئارش ساڵح
و: سابیر فەتاحی

تەنیا چەند خولەکێک دوای هاتنە ئارای هێرشە تێرۆریستییەکەی سەر مەجلیسی ڕێژیم لە تاران، ئەگەرەکان لەبارەی زمان، زاراوە و بە گشتی شوناسی ئیتنیکی (نەتەوەیی) بکەرەکان دەستی پێکرد و وەک یەکێک لە پرسە سەرەکییەکانی هاتە ڕۆژەڤەوە، دەنگدانەوەی کورد بونی چەند کەس لەم هێرشبەرانە لە حاڵێکدا وەک پرسێکی جیددی گۆڕانی بەسەردا هات کە لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا بە لانیکەم بەرادەی خودی هێرشەکە باس و خواستی لێکەوتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە پێدەچێت ئەم پرسە بە شێوەی ئاشکرا لە نێوخۆی وڵاتدا باسی لەسەر نەکرێت بەڵام، نیگەرانییەکی قووڵی لە کۆمەڵگادا هێناوەتە ئاراوە کە ئەگەرچی بە ئاشکرا باسی لێوە ناکرێت بەڵام بە بەردەوامی لێکدانەوەی بۆ دەکرێت.

بۆچی شوناسی کورد بوونی ئەم کەسانە گرینگی پێدەدرێت؟ بۆچی ئەم گرینگی پێدانە جیا لە لایەنەکانی هەواڵ و ئەمنیەتی، ڕەهەندێکی بە نارونی و شاراوە ماوەتەوە؟ بۆچی لە دوای ئەم هێرشە لە تاران چەندین شەپۆلی کۆکردنەوەی واژۆ لە نێو چالاکان و ئێلیتەکانی کۆمەڵگا و تەنانەت خەڵکی ئاساییش هاتە ئاراوە؟ بۆ ئاوڕدانەوە لەم پرسیارانە پێدەچیت باشترین وڵام کە بکرێ پشتی پێ ببەسترێت چەمکێکە لە ژێر ناوی (بازنمایی دیگری) واتە نواندنەوەیەکی دیکە یا representation of other.

بە واتایەکی دیکە ئەوەیکە ڕوو دەدات بریتییە لەوەیکە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە ناساندن و مانا کردنی "دیکە"کانیان چوارچێوە ئیدئۆلۆژیکەکانی خۆیان بەم ناسین و مانا کردنە دەسەپێنن و ناسین و زانیاری لە سەر( نواندنەوەی دیکە) لە ڕێڕەوی ئەم چوارچێوە ئیدئۆلۆژیک یان کلتورییە پێک دێنن. بەڵام ئەمە کۆتایی پرسەکە نییە. ئەم چوارچێوە وناسینانە تەنیا لە روی پێوەندی ئەم هێزەوەیە کە لە نێوان گروپەکانی کۆمەڵگادا بوونیان هەیە! بەڵکوو دەتوانێت وەک گەرانتییەک بۆ بەردەوامی ئەم گروپانەش بە ئەژمار بێت.

بۆ ئەوەی پرسەکە تۆزێک رونتر ببێتەوە نموونەیەک دێنینەوە. هێندییەکان لە کلتوری ڕۆژئاوادا وەک مرۆڤگەلێکی لەچەر، ترسەنۆک و بێ متمانە بە ئەژمار دێن. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو کەسانەی کە دونیا بە شێوەی ڕۆژئاواییەکان سەیر دەکەن یان بەلانیکەم لە گۆشە نیگای کلتوری ڕۆژئاواوە مانا بە هێندییەکان دەدەن ئەم ڕەوشتانە بەسەر هەموو هێندییەکاندا بسەپێنن و لە لێکدانەوەکانیاندا کەڵکی لێوەرگرن. لە درێژەی ئەم نموونەیە ، دەسخۆشانەدان لە ڕێستۆرانەکاندا وەک یەکێک لە گەورەترین ڕەوشتەکان لە کلتوری ڕۆژئاوادا بە ئەژمار دێت. بەڵام زۆر جار دێتە پێش کە کەسێک ئەم کارە ئەنجام نادات یان دەستخۆشانەیەکی کەم بە گارسۆن جا سپی پێست بێ یان نا؛ واتە کە سەنیار سپی پێست یان کەسێکی هیندی بێت هەڵس و کەوتەکان زۆر جیاوازن. ئەگەر بێت و سەنیارەکە کەسێکی سپی پێست بیت لە ئاکامدا ئەم کەسە بە ڕەوشتی کەسێکی لەچەر چاوی لێدەکرێت بەڵام ئەگەر بێت و ئەم کەسە (موشتەری/سەنیار) خەڵکی هێند بێت ئەگەری ئەوەیکە وەک کەسێکی لەچەر چاوی لێبکرێت زۆر زیاترە. لە نەریتی ڕێستۆرانەکاندا دو خاڵ بەرەو رووی کڕیاران دەکرێتەوە کە یەکیان لە سەدا ١٠ لە کڕین و ئەوەی تریان لە سەدا ١٥یە، ئەگەر شارۆمەندێکی سپی پێست دەسخۆشانەی لە سەدا ١٠یەکە هەڵبژێرێت ئەگەری ئەوەیکە وەک کەسێکی لەچەر قسەی لەسەر بکرێت زۆر لە خوارەوەیە بەڵام، ئەگەر شارۆمەندێکی هێندی هەمان کار بکات ئەگەری ئەوەی کە بەو ناوە بناسرێت زۆر لەسەرەوەیە تەنانەت، ئەگەر کاتێک کە خزمەتکارە غەیرە سپی پێستەکە بۆ نمونە کورد یان فارس بێت چونکە، فارس یان کورد ئەم ناسیاویەی لە سۆنگەی ئیدۆلۆژیکی کلتوری سەپێندراو لە ڕۆژئاواوە بە دەست هێناوە.

ئەم بابەتە هەر لەخۆڕا نەگەیشتۆتە ئەم قۆناخە بەڵکوو، سەرچاوەی لە چەندین ساڵ پێوەندی هێزەوە گرتووە کە لە نێوان سپی پێستەکان لە لایەک و ژێردەستەکان، غەیرە سپی پێستەکان و دواکەوتەکان لە لایەکی دیکەوە بونیان هەیە. هێندییەکان لە ماوەی چەندین ساڵ لە پێوەندیەکانیاندا لەگەڵ سپی پێستەکان و بە تایبەت بریتانیاییەکان ژێردەستە بوونە و هەمووی ئەو بەڵگانەی کە ئەمڕۆکە بە بەڵگەی هیندی بوونەوە کۆتاییان پێدێت لە ئاکامدا لە قوڵایی ئەم پێوەندییە ژێرو بان دەستەییە هاتۆتە ئاراوە. لەم پرسەی ئەمڕۆی ئێمەشدا تۆڕێک لە دەسەڵات بوونی هەیە کە زیاتر لە یەک سەدەیە کە پێوەندی کوردەکان و فارسەکان لە ئێران یان باشتر وایە بڵێین (نواندنەوەکانی دیکەیان) لە ڕۆژهەلاتی ناڤیندا ڕێک و چوارچێوەیان بۆ دیاری کردووە. کوردەکان وەک کەسانی تر لە لایەن دراوسێکانیان و لە سۆنگەی پێوەندی دەسەڵاتەوە دەناسرێن؛ وەک نمونە بۆ ماوەیەک کورد بوونیان هاوتەراز لەگەڵ هۆڤایەتی دادەنا. دواتر سەربڕین، بە غیرەت بوون یان دژە ژن بوون و ...بەم هۆکارانە زیاد کران. بەڵام بۆچی ئەم ناسناوە خراپ و نەرێنیانە بە سەر کورددا سەپێنران؟ نۆرماڵترین شێوەی دووبارە کردنەوەیەکی دیکە هەمان بەشە تاریکەکەیە، واتە دژایەتی لە گەل بوونی خوود. ئەگەر نەتەوەیەک خۆی بە خاوەن شارستانیەت دەزانێت لە هەمبەر خۆیدا گروپێک کە لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدایە دەکوژێت دژایەتی لەگەل بوونی شارستانەیەت و بە واتای نا دەستەمۆ یان هۆڤایەتی (بەربەر) دەگەیێنێت. گرینگی ئەم پرسە لەم شوێنەوە سەرچاوە دەگرێت کە زاڵیەتی یان پێوەندی هێز لە بەشی کلتوریدا زیاتر لە هەموو شوێنەکانی دیکە کاریگەری هەیەو لەوێوە خۆی دەنوێنێت و بەستێنی بەردەوامی بۆ دەرەخسێت. بۆ خەڵکێکی خاوەن شارستانیەت زاڵ بوون بەسەر هۆڤیەکاندا زیاتر لە زاڵ بوون بە سەر شارستانیەتێکی دیکە بە رەوا و ڕەوشت بەرزانەخۆی دەنوێنێ.

هەوڵدان بۆ سەلماندنی ئەوەیکە تێرۆریستەکان کورد بوون هیچ ئاکامێکی لێناکەوێتەوە بەڵام کاتێک ئەم پرسە لە کانتێکسێکدا راڤەی لەسەر دەکرێت کە نیزیک بە دوو سەدەیە کە پێوەندی زاڵ بوون و تۆڕەکانی هێز لە پشت ئەم پرسەدا بوونیان هەبووە و لە راستیشدا کێشە ساز بوون. وەک نموونە زۆر پڕ بایەخ نییە کە کەسێکی سپی پێست بە لەچەر بزانی بەڵام کاتێک هێندییەک لەسەر لە سەدا ١٠ی دەست خۆشانە بە خزمەتکاری ڕێستورانەکە بدات و مانای لەچەر بوون لە مێشکیدا پێک بێت پرسێکی زۆر گرینگە؛ بەڵام ئەوەش کۆتایی قەیرانەکە نییە بەڵکوو، بۆ ئەوەی زیاتر تیشک بخرێتە سەر قوڵایی قەیرانەکە دەبێت بڵێم کە پێدەچێت تاکوو کۆمەڵگایەکان زیاتر بە شێوەی کۆن بمێننەوە تێگەیشتن و ئەو مانایانەی کە خەڵکانی دیکە لێیان هەیە زیاتر لە فام و ناساندنی خودی ئەم کۆمەڵگایە لە خۆیان رۆڵیان پێدەدریت. بۆ نموونە هێندییەکان بۆ ماوەیەکی درێژ لە ناساندنی ئەم فاکتەرەی ئوروپاییەکان یان سپی پێستەکان بەشدارییان کردووە. ئەم پرسە لە بەرهەمە کلتوریەکاندا رەنگی یەکلاکەرەوەی هەیە . پیتێرڕاسێل کە کەسێکی تەنزنووسی بەڕەچەڵەک هیندی کانادایيە زیاتر لە هەموو کەسێکی دیکە لە نووسینە تەوساوییەکانیدا دەپرژێتە سەر خوو و خدەی هێندییەکان.

ئەم پرسەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی لە پرسی کوردستاندا و لە ماوەی دوو ڕۆژدا چەندین شەپۆلی کۆکردنەوەی واژۆ بۆ "خاوێن کردنەوەی ئەو پەڵە ڕەشە کە نێوچاوانی گەلی کوردی گرتووە" پێک بێت . زۆر روونە کە ئەو ئاست و خێراییەی کە بۆ شەرمەزار کردنی ئەم پرسە لە لایەن کوردەکانەوە هاتبووە ئاراوە لە پرسێکی دیکەدا بەرچاو ناکەوێت. ئەم بابەتە بە تەواوەتی روونە کە ئەو تێگەیشتنەی خەڵکی ئاسایی و ڕووناکبیرانی کورد لە خۆیان و کورد بوونیان هەیانە هەر ئەوەیە کە پێوەندی زاڵ بوونی تۆڕەکانی هێزی نێوان نەتەوەکانی ئێران پێکیان هێناوە ، هەر بەم هۆیەشەوەیە کە کۆمەڵگای کوردەواری بەردەوام هەوڵی ئەوە بووە پێش لەوەی درووستی ڕووداوەکە بسەلمێنن بە دوای ئەوەدان کە بێ تاوان بوونی "خوودی" کورد بسەلمێنن.

دەتوانرێت لەم بابەتە یان لە بەرانبەر دیاردەیەکی هاوشێوەدا دوو هەڵوێستی جیاواز بوونی هەبێت. سەرەتا دەتوانین بڵێین کە تێرۆریست بوون هیچ پێوەندییەکی بە کورد بونەوە نییە و تێرۆریستەکان دەتوانن خەڵکی هەر شوێنێک بن. بەڵام ئەم هەڵوێستە هیچ گۆڕانێک ناخوڵقێنێ. تەنانەت ئەو کەسانەی کە ئەم هەڵوێستە دووبارە دەکەنەوە ناتوانن لەو ناسین و تێگەیشتنەی کە تۆڕەکانی هێز بۆیان بەرهەم هێناوە رزگاریان بێت. تەنیا هەڵوێستێکی سیاسی سازشکارانە ناتوانێت گۆران بەسەر هیچ شوێنێکی ئەم پرسەدا بێنیت.

بەڵام هەڵویستی دووهەم ئەوەیە کە لەهەمبەر ئەم پرسەدا دەبێت خۆڕاگری بکرێت و خۆڕاگری تەنیا کاتێک ئیمکانی هەیە کە هەوڵەکە بۆ لێکترازاندنی پێوەندییەکانی دەسەڵات بێت. کلتور گونجاوترین شوێنە بۆ دووبارە ناسینەوەی پێوەندییەکانی دەسەالت. بەڵام، دووبارە ناسینەوە دیاردەیەک ناتوانێت هیچ یارمەتییەکمان پێ بکات ئەگەر نەتوانین لە راستای هەڵسەنگاندنی ڕەوشتەوە لە ڕاستای گۆڕانێکی بنەڕەتی و بناغەیی هەنگاو هەڵبێنینەوە. تێگەیشتن لەوەیکە ناسینی زانستییانە ناسینێکی ئابژێکتیڤ و دوور لە لێکدانەوەیە؛ یان ئەم بوارە کە کاری من خویندنەوە و ناسینە، بەرە بەرە دوای هاتنە ئارای دیسیپلینە نوێیەکان لە لایان زانکۆکانەوە لە ناو دەچن. ئەمرۆکە ناسین دەبێت هاوری لەگەل هەڵسەنگاندنی ئەخلاق تەوەرانەی مژارەکان بێت و ناسینی پێوەندییەکانی دەسەڵات بریتییە لە هەنگاونان بۆ گۆڕینی ئەم بوارەش. بەڵام ئەم گۆڕانە چۆن و بە چ شێوازێک دەبێت، لە بابەتێکی دیکەدا تیشکی دەخەینە سەر.

# واتا و ناوەڕۆکی ئاسمیلاسیون

شەهرام میرزایی

پرۆسەی ژینوسایدی کردنی نەتەوەی کورد ڕاستییەکی حاشاهەڵنگری مێژوویە کە لە سەردەمی حکوومەتی ئاشوورییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستی پێکردووە و هەتا ئەمڕۆ چەند قۆناغی جیاوازی بۆ خۆی تەرخان کردووە، ئەمرێکە کە بە هەوڵی لە ناوبردن و تواندنەوەیی میللی ئەم خەڵکە چەند جار دووپات بووتەوە، بەڵام پێگەیشتووی مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی،دوژمنانی ئێمەیان بە ناچاری بەو قەناعەتە گەیاند کە کوشت و کوشتارەکانی خەڵکی ئەم سەرزەوییە لە ناو ببن، یانە بە چۆکدابێن ولە ناو نەتەوەی باڵادەست بیتوێنەوە، لە ئاکامدا لە نیوەی دووهەمی تەواوی پرۆسەی ژینوسایدی کردنی کوردەکان لە ڕاستای لە ناوبردنی زمان، فەرهەنگ، مێژوو، شوناس، باوەڕە کۆمەڵایەتییەکان و هتد..... ئیستارتی لێدرا و کە دەتوانن حکوومەتی هەخامنشیەکان و شکەستی ئیمپراتوری مادەکان بە سەرەتای ئەو پرۆسەیە بزانین."ئاسمیلاسیونی فەرهەنگی" بە پێچەوانە تەواوی باوەڕەکان و هەڵسەنگاندنی شەڕی کوردەکان بە داگیرکاری سەرزەوییەکەیان بووە و دەبێت. پرۆسەیەکی هەتا ئەمڕۆ لە لای کوردەکان و بزووتنەوە جۆراجۆرەکان شکلی گرتووە، بە تایبەت لە سەدەی ئێستادا کەوتووتە حاڵەتەی گوی پینەدان و ئەمە لە کاتێکدایە کە زۆربەی هەرە زۆری شکستەکان و پووچ مانەوەی هەوڵەکان ئازادیخوازەکان بۆ گەیشتن بۆ ئارەزووکانی نەتەوەی کورد لە ئاسمیلاسیون نەتەوەکەیان سەرچاوە دەگرێت، شەڕیک هەتا ئەمڕۆ بۆ ئێمە نامۆ و نەناسراو بووە. لەو ڕاستایەدا بۆ زیاتر ئاشنا بوون لەگەڵ پرۆسەی فاشیستی زەنجیرە وتارگەلێک ئامادە کراوە کە لە ژمارەکانی داهاتووی ڕۆژنامەی کوردستان دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەران، وتارگەلێک کە لە پێناسی چەمکەکان دەست پێدەکات و بە هەڵسەنگاندنی مەسەلەی و لایەنە جۆراجۆرەکانی ئاسمیلاسیون کۆتایی دێت.

ئاسمیلاسیون فەرهەنگی پرۆسەیەکی ئاڵۆز، ڕێکخراو و ئامانجدارە کە لە گرووپەکانی زمان، فەرهەنگ و یان مەزهەب لە گرووپی زاڵ دەتوێتەوە و گشتگیر دەبێت. لێرەدا مەبەست لە تێکەڵکردن و وێکچوو بەرانبەر بوونی فەرهەنگی_ شوناسی دەبێت. ئاسمیلاسیونی فەرهەنگی لە وشەدا چەندین واتا لە خۆ دەگریت، کە لێچووی، ڕاکێشان وتێکەڵکردن لەو حاڵەتانەیە کە دەتوانێ کە هەرکام لەوانە بە شێوەی چەمکی کۆمەڵناسی لە هەڵسەنگاندن و شرۆڤە کردنی بارودۆخە جۆراجۆرەکان بە کار ببردرێت و کارکردی تایبەتی خۆی هەبێت.وەکوو نموونە ڕاکێشان بە ڕوونکردنەوەی پرۆسەی ڕێکخستنی کۆچ لەگەڵ فەرهەنگی وڵاتی مەبەست و ڕێژەی هاودەنگی لەگەڵ ڕەوتی فەرهەنگی کۆمەڵگای خانەخۆی لێکگرێ بدرێتەوە، لە کاتێکدا لێژلێکچوو پرۆسە یان پرۆسەکانی بەرنامە بۆ دارێژراوە لە لایەن حکوومەتەکان بۆ تێکەڵکردنی نەتەوەکان و کەمە نەتەوەکان لە چوارچێوەی سنوورەکان، نموونەی بەرچاوو ڕوونە لێکچوو یا ئاسمیلاسیون فەرهەنگیە، کە لە ماوەیەدا زۆربەی هەر زۆری سوورپێستە زمانەکان، فەرهەنگ، مەزهەب و شوناسی مێژووی خۆیان لە دەست داوە و زمانی خۆیان بۆ سوورپێستێکی ئامریکایی_ ئینگلیسی کاتولیک گۆڕیوە.

پرۆسەی ئاسمیلاسیون دەتوانی بە شێوەی بەربەرە و کاتی بێت و یا ئەوەیکە ئاسمیلاسیونی فەرهەنگی بە شێوەی تەواو یان تێکەڵێک لە فەرهەنگی زاڵ و فەرهەنگی ملکەچ کردن خۆی دەربخات. وەکوو نموونە بەشێک لە کوردەکانی تورکیە بە بەربڵاوی ئاسمیلاسیونی فەرهەنگی لەو بەشەی کوردستان لە قسە کردن بە زمانی زگماکی خۆیان بێ توانا بوون وکەمترین ناسیاویان بە نیسبەت فەرهەنگ و شوناسی مێژووی نەتەوەکەیان هەیە، بەڵام دان بە کورد بوونی خۆیان دەنێن وئاگادارن(ئاسمیلاسیونی تێکڵاو و پلە بە پلە) و یان حکوومەتی سووریە لە ڕاستای بە عەرەب کردنی نەتەوەیی کورد، چەندین عەشیرەت لە کوردەکانیان بۆ ناوچە عەرەب نشینەکان کۆچاندووە و بە ڕاگرتنی ئەوان و منداڵەکانیان لە پرۆسەیەکی فاشیستی پان عەرەبینیزم توانیووانە لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا ئەو عەشیرەتانە لە شوناسی مێژووی خۆیان بسرنەوە و بینە بەشێک لە کۆمەڵگای عەرەبی سووریە پێک بێنن(ئاسمیلاسیونی تەواو). هەروەها ئاسمیلاسیون فەرهەنگی خۆ لە خۆیدا یان بە زۆر ڕوو بدات. فەرهەنگێک ناتوانی خۆی بسەڵمێنی و وڵامدەری پێداویستیە ئەمڕۆینەکانی کۆمەڵگای خۆی بێت، یان بەڕێوەبەرانی ئەو فەرهەنگە لە کەرەستە و تواناییەکانی پێویست بۆ خۆ ئاپدیت کردن بێبەریە، لە کاتی ڕووبەڕووبوون لەگەڵ فەرهەنگی دەوڵەمەندتر، لە بەریەک هەڵدەوەشێتەوە و لە ناو فەرهەنگی زاڵ تێکەڵ و ئاسمیلە دەیت. کەڵکوەرگرتن لە بەکار هێنانی گوشار و زۆر لە ئاسمیلە کردنی فەرهەنگی تاکەکەسی و کۆمەڵگا لەلایەن گرووپ و حکوومەتەکانەوە ئەنجام دەدرێت کە هێزی نیزامیی ڕێک و پێک و یەکگرتووی هەبێت و دەتوانێ بە کەڵکوەرگرتن لە کەرەستەکانی دیکە وەکوو سیستمی ئابووری، پرۆسەی ئاسمیلاسیون تەواو بکات، وەکوو نموونە کۆکردنەوە و نووستینەوەی یاسای قەدەغە کردنی سەرپۆش لە دەورانی ڕەزا شادا، بە بی ئەرتەشێکی ڕێکو پێک و سەرکوتکەر و بروکراسیەکی بەهێزە جێبەجێ نەدەبوو و ئەو کارە بوو بە هۆی ئەوەیکە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بۆ ماوەی چەند دەیە جلوبەرکی کورد لە بێر بکرێت و وەچە لە دوای وەچە لەگەڵی نامۆ بن و ئەمەش ببێتە هۆی دروست بوونی پێکناکۆکی فەرهەنگی لە ناو چین و توێژەکانی کوردستان.

دەبیت ئاگا و ورد بین بین و نابێت ئەو دەستەواژە بە هەڵە بە جێگای چەمک بۆ ڕاڤەو لێکدانەوە بە کار ببەین، ئاسمیلاسیونی فەرهەنگی لەگەڵ دەستەواژەکانی خوار جیاوزی لێکدانەوە و واتایی هەیە.

بە فەرهەنگی کردن: بە گۆڕینی فەرهەنگی_دەرونی کۆمەڵگا کە بە گوێرەی کارتێکەری ئاسایی گرووپە جۆراوجۆرەکانی فەرهەنگی لە گەڵ یەکتر ڕوو دەدات، بە فەرهەنگی کردن دەگوترێ. کارتێکەری و پەیوەندیی زۆر نزیکی گرووپە مرۆییەکان لەگەڵ یەکتری دەیێتە هۆی گواستنەوەی فەرهەنگێک بۆ فەرهەنگیکی دیکە و یەکسان بێت، کە ئەمەش خۆی، دەبێتە هۆی گۆڕینی نموونەی هەڵسوکەوتی دەرونی لە کۆمەڵگا، بۆ نموونە لە ڕابردوودا سەرزەویینە بەندریەکان بە هۆی ئاڵوگۆڕی بەربڵاوی ئابووری لەگەڵ وڵاتانی دیکە، ئامادەی زۆرترین وەرگرتنی فەرهەنگە. بڕێک کات مەسەلەی"بە فەرهەنگی کردن" سەرنخوون بوونی بونیادی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە و ئاڵوگۆڕی بەرچاوی سیاسی_کۆمەڵایەتی بە دوای خۆی دا دێنی و ئەم کارە بیرمەندان و حکوومەتەکانی لە ڕابردووە هەتا ئەمڕۆ بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە. یەکەمین بەڵگەی بە دەست هاتوو سەبارەت بە"فەرهەنگی کردن" و ڕێگاکانی پێشگیری لەو فەرهەنگە بۆ کەتیبی سوومەریەکان لە ٢٧٣٠ پێش زایین دەگەڕێتەوە کە لەو بەڵگەدا باسیان لە چۆنیەتی ئاڵوگۆڕ و پێکەوە هەڵکردن لە گەڵ بەیانییەکان کردووە و بۆ پاراستنی فەرهەنگ و کەلتووری کۆمەڵگا، بەربەرست و ڕێوشوێنی بەرفراوان لە بەر چاو گیراوە. ئەفلاتون لە یەکێک لە بەرهەمەکانی خۆیدا ئاماژەی بەو مەسەلەیە کردوە و پێکەوبوونی بەربڵاو لەگەڵ بەیانییەکان بە تێکچوونە کۆمەڵایەتیەکان و پێکەوە نەسازانە بەربڵاوەکان دەزانێ. بەو بۆنەیەوە ئەفلاتون پێشنیار دەکات ئیزن بە هیچ کەس نەدەن هەتا پێش تەمەنی ٤٠ ساڵی لە وڵات بچێتە دەرەوە یان لە بەندەری وڵاتان بەربەرستە توندتۆڵەکان لە بواری پێکەوە بوون و پەیوەندیی لەگەڵ خەڵکی خۆجێی لەگەڵ موسافیران و خەڵکی وڵاتانی بیانی لە بەرچاو بگرن. بە فەرهەنگی کردن بە پێچەوانەی ئاسمیلاسیونی فەرهەنگی، کارێکی سروشتی و پێشگیر کراوە، بە تایبەت لە جیهانی ئەمڕۆ ئێمە بە هۆی پێشکەوتنە بەرفراوانەکانی تەکنولۆژی بووتە گوندێک لە فەرهەنگە جیاوزەکان و تەنیا گرووپێ لە"فەرهەنگی کردن" دەترسن کە خاوەنی ژینگەی هزرێکی داخرا و خۆ نارێک کردنن، نیزامی فەرهەنگی_کۆمەڵایەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران نموونەیەکی ڕوون و بەرچاوە کە بە هۆی نەبوونی یەکسان بوونی فەرهەنگی زاڵی ئەو سیستمە لەگەڵ جیهانی ئەمڕۆ، حکوومەتی سیاسی تووشی فوبیای بە"فەرهەنگی کردن" کردووە و زۆرترین مەترسی لە پێکەوە بوونە نێونەتەوەییەکان دەزانێ.

ژینوساید: ژینوساید لە دوو وشەی"geno " بە واتای نیژاد، قەبیلە و "cide"بە واتای کوشتار یان کوشتن پێک دێت کە بە کوشتنی بە کۆمەڵی گرووپی نەتەوەیی، نیژادی و یان مەزهەبی و بە مەبەستی لە ناو بردنی ئەوان پێناسە کراوە. کارێک کە لە کۆنوانسیونی ژینوساید_١٩٤٨ بە دوور و درێژی باس کراوە، بەڵام لە هیچ کویەکی ئەو کۆنوانسیونە نەپەڕژاوتە سەر باسی فەرهەنگی، شوناسی و ئیمکانی هەوڵی دەوڵەتەکان لە دژی لە ناوبردنی ئەو نەتەوە و گەلە باسێ لێوە نەکراوە. ژینوساید و ئاسمیلاسیونی فەرهەنگی لە ڕوانگەی چەمکی و زانستی، لە دوو بیاقی جیاواز لەگەڵ یەکدی لە پەیوەندی دان، لە ژینوساید حکوومەت مەبەستی لە ناوبردنی گرووپێکی میللی، نەتەوەی، نیژادی یان مەزهەبی هەیە و لە هەر ڕێگایەک بۆی دەلویێ هەوڵ بۆ سڕینەوەی دەدات، بەڵام لە پرۆسەی ئاسمیلاسیونی فەرهەنگی دەوڵەتەکان لە بەرنامەیەکی ئاڵۆز و نوسراوەی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و مەزهەبی بەبێ ناوەڕۆکی فەرهەنگی_شوناسی گرووپێکی تایبەتی میللی، نیژادی یان مەزهەبی دەستپێدەکات و هەوڵی دانانی فەرهەنگی تایبەت بە خۆی دەدات. دەبێت ئەوەش لە بەرچاو بگرین کە زۆربەی دەوڵەتەکان لە مێژووی ژیانی سیاسی خۆیان ئاسمیلاسیونی فەرهەنگی وەکوو پرۆسەیەکی تەواو کەری ژینوساید کەڵکیان وەرگرتووە.

ژینوسایدی فەرهەنگی: بۆ یەکەم جار"ڕافائێل لمکێن" لە ساڵی ١٩٤٤ زایینی ئەو دەستەواژە تێکەڵە بە کار برد لە نووسراوەیەکی خۆیدا باسی لە بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی ئەو بابەتە کرد، بەڵام لەگەڵ هەموو هەوڵەکان، ئەم چەمکە لە هیچ یەک لە بەندەکانی کۆنوانسیونی ژینوساید جێ نەگرتووە، هەتا ئەوەیکە لە ساڵی ١٩٤٤ زایینی نووسەرانی پێشەکی"جارنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە حقووقی خۆجێی" بەندێکیان لە ژێر ناوی"ژینوسایدی فەرهەنگی" پێ زیاد کرد هەتا پێناسە جیهانی و گشتگیر لە"ژینوسایدی فەرهەنگی" بە دەست بێت هەتا بۆ پێشگیر لە ناوچوون فەرهەنگی کۆمەڵگای مرۆیی، مادەی ٧ی ئەم پێش نووسە ڕادەگەینێ" ١_ هەر جۆرە هەوڵێکی سیستماتیک کە دەبێتە هۆی بێبەش کردنی گرووپێکی نەتەوەیی، میللی، نیژادی و مەزهەبی یەکپارچەیان و ئەوان لە ژێر ناوی جیاواز پێشان بدات، یا بەهاکانی فەرهەنگی خۆیان یان شوناسی میللی_نەتەوەیی دوور ڕابگرێت.٢_ هەر جۆرە هەوڵێک کە ئامانجی دابرانی ئەو خەڵکە لە سەرزەوییەکان، دەسەڵاتەکان سەرچاوەکانیان بێت.٣_ هەر جۆرە شێوازێک بە مەبەستی گواستنەوە کە بە ئامانجی لاواز کردن و پێشێلکردنی مافی ئەو خەڵکە بێت.٤_هەر جۆرە لە هاوشێوە دروست کردن و تێکەڵکردن لەگەڵ فەرهەنگەکانی دیکە و یان سەپاندنی هەر جۆر شێوە ژیانێک بە سەر خەڵک لەلایەن قوەی یاسادانان، ئیدارە دەوڵەتییەکان یان هەر هەوڵێکی لەو جۆرە بدرێت.٥_هەر جۆرە پڕوپاگەندە دژی ئەوان.

دەستەواژە ئاماژە بۆ کراوەکان پێشان دەدەن کرلە ڕوانگەی داڕێژەرانی ئەو پێش نوسەوە"ئاسمیلاسیونی فەرهەنگی" وەکوو بەشێک لە"ژینوسایدی فەرهەنگی" پێناسە و لەو پێشنوسە جێ گرتووە. بەڵام پێناسە وهەوڵەکان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی نێونەتەوەیی دژی"ژینوسایدی فەرهەنگی" تەنیا لە پێش نوسی بەیاننامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان باسی لێکراوە و لە کۆتاییدا لە ٦٢هەمین دانیشتنی کۆبوونەوەی کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەکان_٢٠٠٧زایینی_ پێش نووسی ئاماژە بۆ کراو چاکسازی و پێناسەی پەیوەندییدار بە بەندی ٧ پێش نووسەکە سڕاوتەوە.

ڕاکێشان: دەستەواژیەک کە ڕێژەی وەرگرتن و خۆڕێکخستن لەگەڵ فەرهەنگی وڵاتی مەبەست لە لایەن کۆچەرەکانەوە، گونجاو و کەوتووتە بەر هەڵسەنگاندن، لە ڕاکێشان، کۆچەر هەوڵ دەدات سەرەڕای پاراستنی فەرهەنگ و شوناسی مێژووی خۆیان لەگەڵ فەرهەنگی وڵاتی مەبەست ڕیکدەخات هەتا لەو ڕاستایەدا حکوومەت بە بارهێنان و دروست کردنی ئیمکاناتی شیاو و پێویست، کەسی کۆچەر بۆ وەرگرتن و ڕاکێشانی لە کۆمەڵگا نوێ ئامادەی هەبێت. لە ڕاستیدا ڕاکێشان ئەمرێکی سروشتییە لە ژیانی کۆچەرەکان و کەسی کۆچەر و نەوەکانی داهاتووە سەرەڕای پاراستنی فەرهەنگ و شوناسی مێژووی خۆیان هەوڵ بۆ پێکەوە بوون لە گەڵ فەرهەنگی نوی دەدەن، دەبێت ئەوە ڕاستیەش لە بەرجاو بگرین کە لەو نێوانەدا ئیمکانی دروست بوونی جۆرێک فەرهەنگ و شوناسی تێکڵاو بوونی هەیە و یا ئەوەیکە ڕێژەی ڕاکێشانی ئەوە بەهێز بێت کە تێکڵاویکی تەواو ڕوو بدات و کەسی پێگەیشتوو لە فەرهەنگ و شوناسی مێژووی نوێ ڕابکێشی. حکوومەتەکان لە ڕاکێشان بە دوای لە ناوچوونی سیستماتیک و ئامانجداری گەورە، زمان و شوناسی مێژووی کۆچەرەکان نیە.



# بە دیوارکێشان، هەستی نەتەوەیی خاشەبڕ ناکرێ

عەلی مونەزەمی




لە مێژووی هاوچەرخی تورکیە دا یان ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان حاکم بوون یان ئیسلامییەکان کە هەر دووی ئەم ڕەوتانە بە هۆی بنەما ئایدۆلۆژیەکانیان بە دژی نەتەوەی کورد و مافەکانیان کاریان کردووە و ئەگەر جاروباریش باسی مافی نەتەوەی کوردیان کردبێ، نیازپاکییەکی لە پشت نەبووە و ئەو کارەیان بەس وەک تاکتیک بووە بۆ خۆ دەربازکردن لە قەیرانەکان. بەڵام هەر لەو کاتەدا کە باسی چارەسەریی پرسی کوردیشیان کردبێ، هەموو هەوڵ و تێکۆشانی ستراتێژیکیان بۆ ئەوە بووە کە گەلی کورد لە نێو تورکەکان دا بتوێننەوە، تێکۆشەرانی نەتەوەیی لە نێو بەرن، سیمای دێموگرافیی شار و هەرێمەکانی کوردستانی بگۆڕن و ڕاپەڕینە نەتەوەییەکانی کورد سەرکوت و بێدەنگ بکەن. واقعیەت نیشان دەدات کە ئەگەر تورکیە توانیبێتی لە هەندێک بواردا سەرکەوتن وەدەست بێنێ و بۆ کورد وەدەستهێنانی مافی چارەنووس وەدرەنگ بخاتەوە، بەڵام هیچ کاتێک نەیتوانیوە و ناتوانێ لەو بوارەدا بە سەرکەوتنی یەکجارەکی بگات؛ بە واتایەکی دیکە ئەگەر ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران سەرکوت کرابێ و شێخ سەعید و دوکتۆر فوئاد لە سێدارە درابن، کورد لە ئاگری، بە ڕێبەرایەتیی ئیحسان نووری پاشا کۆماری ئاراراتی دامەزراندووە. کاتێک کە کۆماری جوانەمەرگی ئاگری کەوتبێتە بەر ڕق و تووڕەیی تورکەکان و دەرفەتی ژیانیان پێ نەدابێ و لە گەلیی زیلان بە سەدان کچ، ژن و لاو و پیاوی کوردیان کۆمەڵکوژ کردبێ و سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی تورکیە، ئیسمەت ئینوونوو، بە شانازیەوە بڵێ کە "لەو وڵاتە (تورکیە) تەنیا تورک مافی هەیە داوای مافی ئیتنیکیی خۆی بکا" و وەزیری داد، مەحمووت ئەسات بۆزتورک، مافی خاوەندارێتیی وڵات تەنیا بۆ تورکەکان بە ڕەوا بزانێ و پێی وابێ کە "ئەوانەی کە تورک نین و خۆیان بە تورک نازانن، تەنیا مافی ئەوەیان هەیە کە کۆیلە بن". ڕاپەڕینی سەید ڕەزای دەرسیمی دەستی پێکردووە. ئەگەر ڕاپەڕینی سەید ڕەزا سەرکوت کرابێ و خەڵکی دەرسیم کۆمەڵکوژ کرابن و بە هەزاران ژن و کچی کورد لە ترسی ئەوەیکە دەستدرێژیان نەکرێتە سەر، خۆیان کوشتبێ، دیسانیش تورک و تورکیە نەیتوانی و هیچ کاتێکیش ناتوانن پاشەکشە بە کورد بکەن کە داوای مافی چارەنوسی خۆیان نەکەن. ئێستا ڕەوتی مافخوازیی کوردەکان بە شکڵێکی خەڵکی و گشتگیر وا ئۆرگانیزە کراوە کە گەیشتووەتە لووتکە و پرۆسەی بە تورک کردنی کورد لە مێژە ڕەوتێکی بەرەڤاژی بە خۆیەوە گرتووە و زۆر کەس کە زمانی زگماکیی خۆیان لە بیر کردبوو یان لە بەر تورکاندن فێری کوردی نەببوون، خۆیان فێری زمانی نەتەوەیی خۆیان کردووە و دەکەن و شانازی بە کوردبوونیانەوە دەکەن.

دوای سەرهەڵدانی کێشە نێوخۆییەکانی سووریە ، دەوڵەتی تورکیە بۆ لێک جیاکردنەوە و دابەشکردنی زۆرتری کوردستان، لە نێوان ڕۆژئاوای کوردستان و باکووری کوردستان دا دیواری کێشا. ئێستاش ئەو دەوڵەتە پلانی هەیە بۆ دیوار کێشان لە نێوان ڕۆژهەڵات و باکوور و ئەگەر بۆی بلوێ، لە نێوان باکوور و باشووری وڵاتەکەمان دا. یانی بە تەمایە کە بە دیوار کێشان باکووری کوردستان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بە یەکجارەکی دابڕێنێ. ڕێژیمە داگیرکەرەکان بە جوانی لەو ڕاستییە گەیشتوون کە کورد باوەڕی بە سنووری دەستکرد نییە و کوردستان بە یەک وڵات دەزانن و بە یەک چاو، سەیری هەموو بەشەکانی وڵات دەکەن. بۆیە دەیانەوێ بە دیوارکێشان بە ئامانجی دژە مرۆڤیی خۆیان بگەن و کورد و کوردستان لە ژێر چەپۆکی داگیرکاریان دا ڕاگرن. لەو وتارەدا هەوڵ دەدرێ کە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کە گەلۆ بە دیوارکێشان دەتوانرێ هەست و ئامانجی نەتەوەیەک لێی بستێندرێ یان وەک بەرپرسانی تورکیە بۆ خۆیان باس دەکەن، گەلۆ بە دیوارکێشان هێمنایەتیی وڵاتێک دەستەبەر دەکرێ؟

دەوڵەتان بە مەبەستی جۆراوجۆر لە سەر سنووری خۆیان لەگەڵ وڵاتانی جیران، دیوار دەکێشن یان سنوورەکەیان بە نەردە، تێل دوور و ... دادەخەن. بە ناوبانگترینی ئەو دیوارانەی کە بە مەبەستی پاراستن ساز کراون، دەتوانین لە مێژووی کۆن دا ئاماژە بە دیواری چین و هادریان بکەین و لە مێژووی هاوچەرخ دا دیواری نێوان ئیسرائیل و قەراخی ڕۆژئاوای چۆمی ئوردون، تێلدوور کردن و نەردەکردنی سنوورەکانی عەرەبستان لە گەڵ یەمەن و عێراق، دیوار و نەردە و تێلدوورکردنی نێوان مەغریب و سەحرای ڕۆژئاوا و دیواری نێوان ئامریکا و مکزیک نێو بەرین. هەروەها دیواری بێرلین کە سەردەمانێک دیوارێکی بەناوبانگ بوو و لە نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی شاری بێرلینی ئاڵمان دروست کرابوو بە مەبەستی پێشگرتن لە هەڵاتنی لاوان و کەسانی پسپۆر لە بەشی ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا کە لە ٩ی سێپتامبری ١٩٨٩ دا ڕۆخێندرا.

جیرانەکانی تورکیەش لە هێندێک شوێن سنووری وڵاتەکانیان لەگەڵ تورکیە بە نەردە و تێلدوور بەستووە. سنووری تورکیە- یوونان لەلایەن یوونانەوە لە ساڵی ٢٠١٢ ڕا بە حەسارێک لە تۆپەکانی سیمی خاردار قاییم کراوە. حکوومەتی بولغارستانیش بە دروستکردنی دیوارێک لە سیمی خاردار بە درێژایی ٣٠ کیلۆمێتر سنووری خۆیان لە گەڵ تورکیە قایمم کردووە. زۆربەی ئەو دیوارانەی کە لە سەرەوەڕا ئاماژەیان پێکرا، بە مەبەستی پێشگرتن لە هەڕەشەی دەرەکی، پێشگرتن لە پەنابەران، پێشگرتن لە دزە کردنی تیرۆریستان و قاچاخچییەکانی چەک و مەوادی هۆشبەر سازکراون؛ یانی خاڵی هاوبەش لە نێوان هەموو ئەوانەدا، پێشگرتن لە بارگرانی یان هەڕەشەیەکە کە لە دەرەوەڕا هەست پێکراوە.

باشە کە واتە، جیاوازیی نێوان ئەو دیوارانەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەیان پێکرا و ئەوەیکە تورکیە مەبەستییەتی لە نێوان ڕۆژهەڵات و باکوور و یان ئەگەر بۆی بکرێ، لە نێوان باشوور و باکووردا دروست بکا یان ئەوەیکە لە نێوان ڕۆژئاوای کوردستان و باکووری وڵات دا دروست کردووە، چییە؟

ئەردۆغان ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆی دیوارکێشان لە نێوان باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان دا دەگەڕێنێتەوە بۆ پێشگرتن لە دزەکردنی تیرۆریستانی داعش، پەنابەرانی سووریە و گریلاکانی پێ کا کا بۆ نێو تورکیە. ئەوە لە کاتێکدایە کە لەو دواییانەدا حکوومەتی تورکیە شان بە شانی ئێران و بە ئاشکرا پشتگیری لە وڵاتی قەتەر دەکات کە بە هاوکاری لەگەڵ تیرۆریستان تۆمەتبار کراوە. ئەو دیوارەی کە لە نێوان ڕۆژئاوا و باکووری وڵاتەکەماندا بە دەستی دەوڵەتی تورکیە کێشراوە، نیزیکەی ٧٠٠ کیلۆمێترە کە بڕیار وایە تا کۆتایی مانگی جوولای تەواو بکرێ. ئەو دیوارە پێش ئەوەیکە ئەمنیەت بۆ تورکیە دروست بکات، پێشگیرییە لە دەرباز بوونی خەڵکی شەڕلێدراوی سووریە و بە کوشتدانی ئەو خەڵکە بەلەنگازە بە دەستی ڕێژیمی ئەسەد لە لایەک و تیرۆریستانی جبهةالنصره و داعش لە لایەکی دیکەوە.

ئەو تەقینەوەیەی کە لە هاوینی ٢٠١٥ لە جزیرە ڕوویدا بوو بە هۆی هەڵگیرسانی دووبارەی شەڕ لە نێوان پێ کا کا و حکوومەتی تورکیە کە لە ئاکامدا زیاتر لە ٢٠٠٠ کورد بوونە قوربانی و لە نێوان ٣٣٠ هەزار تا ٥٠٠ هەزاریش ئاوارە بوون و شوێنی ژیانیان بە جێ هێشت. زۆربەی ئەو کوژراوانە خەڵکی سڤیل بوون کە نیزیکی ٢٠٠ کەسیان لە نهۆمی خوارەوەی زەویی هەندێک ئاپارتمان دا لە جزیرە، کوژران. ئەوە بێجگە لەو کاولکاری و وێرانکاریانە بوون کە دەوڵەتی تورکیە لە هاوینی ٢٠١٥دا لە کوردستانی باکوور ئەنجامی دا.

ڕێژیمە داگیرکەرەکانی ئانکارا و تاران لە سەر کێشانی دیوار لە نێوان باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هاوڕان و ئەو یەکە بە گرینگ دەزانن. ئەوان دەڵێن کە بە مەبەستی "ئارامیی سنوورەکان" پێویستییان بە دیوارکێشان هەیە.

هەر دووی ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆر و داگیرکەرانە یەک ڕاستییان لە بیر چووەتەوە و پێویستە وەبیریان بهێنینەوە؛ پێکهاتەی هەموو پارتە شۆڕشگێر و نەتەوەییەکانی کوردستان بە گشتی و لە باکوور و ڕۆژهەڵات بە تایبەتی، تەنیا ئەو چەند هەزار پێشمەرگە و گریلایە نین کە بە ئاشکرا لە خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادیی گەلەکەمان بەشدارن. بەڵکوو تێکڕای نەتەوەی کورد بە جۆرێک لە جۆرەکان لەو تێکۆشانەدا بەشدارن(بەدەر لە هەندێک خۆفرۆش) و تا ئەو کاتە کە یەک کورد لە سەر خاکی کورستان مابێ، بیری ئازادیخوازی و دەنگی شۆڕشگێڕانی نەتەوەیی کپ ناکرێ. وا دابنێین کە بەو دیوارکێشانە پێش بە جووڵەی هەموو پێشمەرگەکان و گریلاکان گیرا، لە گەڵ کوڕان و کچانی نێو شار و گوندەکان چیتان پێ دەکرێ؟ ئەگەر پێشتر لەیلا زانایەک هەبوو، ئێستا بوونە بە سەدان لەیلا زانا. ئەگەر پێشتر مووسا عەینتەرێک هەبوو و ژیتەم توانی بێ سەر و شوێنی بکا، ئێستا دەیان سەلاحەدین دەمیرتاش و عوسمان بایدەمیر و ... هەن.

تێئۆریسیەنەکانی زانست و فەلسەفەی ئاشتی لە خۆیانەوە نەیانوتووە کە توندوتیژی تەنیا توندوتیژی بەرهەم دێنێ. با کاربەدەستانی حکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بە هەموو ڕەنگەکانیانەوە باش بزانن کە ئەگەر لە دوای سەدان ساڵ هێشتا ئەوان بە دوای ئەمنیەت و ئاسایشی خۆیانەوە سەرگەردان و دەستەوەستانن، ئەوە لە کار و کردەوە و بیری ئەوانەوە سەرچاوە دەگرێ. بۆ دابین کردنی ئەو ئەولەهیە، پێویستە کە بیر و کردەوەکانیان بگۆڕن و ئەو کارەی کە تا ئێستا نەیانکردووە، ئەو ڕێگایەی کە تا ئێستا پێیدا تێپەر نەبوونە، دەبێ بڕۆن و تێپەڕ بن. ئەو کات نە پێویست بە دیوار کێشان و تێچووی زۆرە و نە تێکدانی سرووشت و خوەزایی کوردستان. ئەوان پێویستییان بەوە هەیە کە فێر بن و ڕێز لە دەور و بەریان بگرن و بە ئاشتی لە گەڵ دەور و بەریان دا بژین. فێر بن کە پێویستە منداڵەکانیان بە بیر و ئەندێشەی ئاشتیخوازانەوە پەروەردە بکەن، نەک بە بیری شۆڤینیستی و پاوانخوازی.

با داگیرکەران باش بزانن: ئێوە کە بە دەوری بەشێک لە خەڵک و خاکی کوردستان دا دیوار دەکێشن، ناتوانن مەیدانی بیری ئازادیخوازی تەسک کەن. ئەگەر ئێوە لە نێوان سنووری نەتەوەیی خۆتان و کوردستان دا دیوارتان بکێشابایە، ئەوە قسەیەکی دیکە بوو. بەڵام ناتوانی هەم کوردستان بە هی خۆت بزانی و هەم کورد بە هەڕەشەیەکی دەرەکی بەئەژمار بێنی. هەر وەک چۆن دوکتۆر قاسملوو لە سەر تیرۆریزم باس دەکا و دەڵێ کە "بۆ نەهێشتنی تیرۆر، دەبێ هۆکارەکانی تیرۆریزم لە بەین بەرین"، بۆ ئەوەی کە نەک دیوارکێشان بەڵکوو بیر لە دیوارکێشانیش نەکرێتەوە، دەبێ ئەو هۆکارانە بدۆزینەوە و چارەسەریان بکەین کە دەبنە هۆی دیوارکێشان. ئەوەش یانی قەبووڵ کردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد. یانی تا کورد نەبێتە خاوەنی مافی چارەنووس و مرۆڤیی خۆی، بە سەدان دیواریش بە دەوری خۆتانەوە بکێشن، ئەمنیەتی ئێوە پارێزراو نییە. نادادپەروەری هۆی سەرەکیی ئەو نەبوونی ئەمنیەتەی ئێوەیە.

ژێدەرەکان:

http://www.dw.com/fa-ir/%D8%AA%D8%B1DA%A9
%DB8%C%D%-87%9D%8AF%D%8B%-1D%85%9D%8B%1D%8B-2
%D%8AE%D%88%9D%8AF-%D%8A%8D%8A-7
%D%8A%7DB8%C%D%8B%1D%8A%7D%-86%9D%8AF%DB8%C%-
D%88%9D%8A%7D%8B%-1D%85%9DB8%C%DA%A%9D%8B%4D%8AF
/a38759722-
http://www.awene.com/46692/02/06/2017/
http://www.aftenposten.no/verden/En-av-verdens-lengste-grensemurer-er-nesten-ferdig--og-flere-skal-det-bli623274-b.html
http://www.rbnett.no/ntb/utenriks/10/03/2017/FN-anklager-Tyrkia-for-alvorlige-overgrep-mot-kurdere14422491-.ece
http://www.aftenposten.no/norge/Verdens-atte-nye-murer60872-b.html
http://landinfo.no/asset/1_3563/1/3563.pdf
http://www.rbnett.no/ntb/utenriks/05/06/2017/Qatar-st%C%3A5lsetter-seg-mot-diplomatisk-blokade14827670-.ece
http://www.tehrantimes.com/news/413449/Turkey-prepares-to-build-wall-on-Iranian-border
http://www.dagbladet.no/nyheter/tyrkia-har-bygget-290-kilometer-grensegjerde-mot-syria/67338664
https://sputniknews.com/middleeast/-201706031054275116turkey-border-wall/
http://www.karakocan.info/tr/index.php/Konuk-Yazarlar/index.php?option=com_content&task=view&id=3350&Itemid=75



## د. مەحموود عوسمان:

# ئێران خۆی دژی کوردە و هەر شتێ کورد بیکا دژیەتی

**وتووێژ: جەماڵ ڕەسوڵ دنخە**

**وتووێژی ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ د.مەحموود عوسمان، سیاستەمەداری ناسراوی کورد لە پێوەندی لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستان و هەڵوێستی وڵاتانی دراوسێ.**

مێژووی خەباتی گەلی کورد بۆ ئازادی و سەربەستی وەک هەموو گەلانی دنیا کە خەبات و خوێنیان داوە بۆ گەیشتن بە مافەکانیان پڕە لە سەرکەوتن و شکست؛ جا کە ئەو شکستە لە ڕووی هەڵەی سیاسی یا نیزامی بێت لە مێژوودا تومار کراوە و ئاسەوارەکانی لە پرۆسەی سیاسیدا بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی وەکوو کۆسپێک دەمێنێتەوە و قەرەبووی هەندێک لەو شکستانە تا ئێستاش گەورەترین کۆسپی بۆ ڕەوتی سیاسەتی وڵاتانی جیهان و خودی نەتەوەی دروست کردووە و لەو پێوەندییەشدا زیاتر لە هەموو لایەنێک خودی نەتەوەی کورد باجەکە چ لە ڕووی ماددی و چ لە رووی مرۆیی و ئیرادەوە داوە و ئێستاش دەدات.

جیا لەوەیکە نەتەوەی کورد هەمیشە بۆ ئازادی و مافی خۆی شەڕی کردووە و دژی داگیرکەران وەستاوەتەوە، بەڵام زور جاریش هەلی زێڕینی بۆ ئازادی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە مێژوودا لە دەست داوە کاتێک کە بریتانیا لە بڕیارێکدا ویستی شێخ مەحموودی نەمر بکات بە ڕێبەری دەوڵەتی کوردستان زۆر بە ئاسانی بە هۆی هەڵەیەک جا چ پێوەندی بە دۆخی فیکری و سیاسەتی ئەو کات هەبێ یا هەر هۆیەکی دیکە، ڕەوڕەوی مێژووی خەباتی کوردی بۆ گەیشتن بە ڕزگاری و سەربەخۆیی درێژ کردەوە؛ یا وەک شەهید دکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە کتێبی مێژووی کورد لە سەدەی شازدەهەمدا باس لەوە دەکەت کە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم، دوای ئەوەیکە وڵاتانی جیهان بەو ئاکامە گەیشتن نەتەوەکانی جیهان بکەن بە دەوڵەت، نەتەوەی کورد بە هۆی کێشەی سیاسیی نێوخۆیی ئەو دەرفەتە زێڕینەی لە دەست دا و تا ئێستاش کە سەدەی ٢١یە گەلی کورد بە هەموو حیزب و لایەنەسیاسییە جۆراوجۆرەکانی هەوڵ دەدات نیشتمانێکی سەربەخۆ پێک بێنێت کە حەشیمەتەکی ٤٠ میلیۆن کەسە.

باسکردن لە مێژوو بۆ تاوتوێکردن و خەسارناسییەکانی کارێکی زۆر سەخت و دژاورە چونکە مێژوو کەمترین بەڵگەی بەردەست لە خۆی جێ دێڵێت یا ئەگەر لە بەر دەستیش دابێت لە لایەن داگیرکەر یا کەسانێک ناسراوە کە بە دڵخوازی خۆیان باسیان لە ڕووداوەکانی کردووە، بۆیە هەڵگرتنی مقەستێک و بڕین و دورینی بە دڵخوازی خۆ، گەورەترین تاوانە دژ بە هەموو ڕێبەرانی جووڵانەوەی کورد، بەڵام ئەوەیکە نەتەوەی کورد هەمیشە قوربانی بووە بۆ یەک هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە ئەویش بەردەوام کورد لە معادلاتی سیاسی و ناوچەییدا "فاکت = عامل" نەبووە بەڵکوو "دیفاکتۆ = غیرعامل" بووە.

لە دوای هێرشی داعش بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان و هەموو ئەو نمایشنامە سیاسییەی کە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆ دەستێوەردانی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نووسیبویان و پیادەیان دەکرد، هەرێمی کوردستانیش بە هۆی کێشەی سیاسی و ئابووری و بە تەنیا مانەوەی هەرێمی کوردستان لە شەڕ دژی تێرۆر بەرپرسانی سیاسیی هەرێمی کوردستان مەسەلەی سەربەخۆییان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی عێراق هێنایە پێش کە لەو کات و زەمەنەدا وڵاتانی ناوچەکەی هەژاند.

بەرپرسانی هەرێمی کوردستان یەکەم مانگی وەرزی پاییزی ئەمساڵ ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان ئەنجام دەدەن و ئەوەش وەک هەمیشە کاردانەوەی دوو دەوڵەتی ئێران و تورکیەی لێکەوتەوە و بەتایبەتی ڕێژیمی ئێران بە توندی دژایەتی خۆی لەگەڵ ئەو پرسە دەربڕیوە.

لەم پێوەندییەدا "ڕۆژنامەی کوردستان" ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ دوکتور "مەحموود عوسمان" سیاستمەداری ناسراوی کورد وتووێژیکی لە سەر پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و هەڵویستی ئەو دوو وڵاتە پێک هێناوە.

**کوردستان: ئێوە وەکو سیاسەتمەدارێکی ناسراوی کورد سەبارەت بە پرسی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان ڕاتان چییە؟**

**د. عوسمان:** ڕام ئەوەیە یەکەم ئەوەیکە ئەو ڕێفراندۆمە لەگەڵ هەڵبژاردن ئەنجام داربایە باشتر بوو، کە تۆ دوو جار خەڵک بەریە سەر سندوقی دەنگ دان دوو جار پارە سەرف بکەی ناحیەی نییە؛ یانی ناحیەی عەمەلی نیە وەکو بڵێین مەسەلەن ناڵێن هەڵبژاردن ١١/٦یە ئەویش ئەو وەختە بوایە باشتر بوو وابزانم ئەوە موهیم نییە؛ بەڵام وەکو پێش قەناحەتم وایە دوو شت پێویستە لەو مەسەلەی ڕێفراندۆمە دیارە، یەکێکی یەکڕیزی کوردە، یەعنی ئەو حیزبانە ئەو کورد و هەموو لایەک لە سەری ڕێک بن یەعنی تەئیدی بکەن هەموویان دژی نەبن بەیەکەوە بیکەن بە یەکەوە کۆمیتە دروست بکەن بەیەکەوە سەر پەرەستی بکەن، ئەمە گرینگە زۆر. بەڵام هێشتا ئەوە تەواو نییە دەبێت هەوڵ بدەن جێبەجێی بکەن. دووهەمین جۆرە تەفاهومێک جۆرە هاوکارییەک جۆرە ڕێکەوتنێک لەگەڵ حکومەتی ئێراق هەبێت چونکە لایەنەکانی دەرەوە هەموویان وا نیشان دەدەن ئەڵێن ئەمە یەک پارچەی تێک دەدا، ئەمە خالی عێراق لێک جیا دەکات و هتد... گەر تۆ بتوانی نەوعە تەفاهومێک لێک تێگەیشتنێک لەگەڵ حکومەتی عێراق هەبێت لەو بارەیەوە هەتا ئەگە ئیتفاقیش نەبێت لێکتێگەیشتن بێ ئەو وەختە هیچ لایەنێکی دەرەکی ناتوانیت دژی بێت ئەڵێی ئەمە بەپێی دەستوورە و ئەمە لەگەڵ حکومەتی عێراق دایە، ڕیفراندۆمەکەش هەرێم دەگرێتەوە نیوەی تریش دەگرێتەوە نیوەکەی تریش لەژێر دەستی حکومەتی عێراقدایە دەبیت تەفاهومێکی لەگەڵ بکەی ئەم خاڵانە گرینگن دەبێت لە لابیگەریی دەرەوە و هاوکاری و باس کردن و تەبعەن دەبێت حیسابی ئێران و تورکیە بکرێت ئێران و تورکیا دژن تەبعەن و ئێران زیاتریش دژە لە تورکیە وە ئەگەر دژ بن و ئەوەبن ئەتوانن کێشەت بۆ دروست بکەن یانی وابزانم لێکۆڵینەوەیەک بێتی ئەبێت لە هەموو لایەنەکانەوە بە ڕێکی لێی بکۆڵنەوە، فکری لێبکەنەوە هەوڵی لێبدەن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە بێت یانی کێشەی نەبیت.

**کوردستان: ئێستا بە پێی ئەو باسەی کە بۆخۆتان کردتان، ئەو هەڵوێستەی وڵاتانێکی وەک و تورکیە و بە تایبەت ئێران، هەرێمی کوردستان چۆن دەتوانێت خۆی لەو معادلات و قەیرانەی کە ئێستا لە ناوچەدا هەیە بگونجێنێت؟**

**د. عوسمان:** ئەوە ئەبێت لە بەرپرسانی هەرێم بپرسی ئەوانەی کە مەسئولن من مەسئولیەتم نییە، بەڵام من قەناعەتم وایە ئەبێت ئەو شتانە هەمووی بەوردی لێک بدەنەوە وە یەعنی لایەنی پۆزەتیف و نێگەتیف و هەموو لایەنەکان لێکبدەنەوە بۆ ئەوەی کە بوو تووشی کێشە نەبن.

**کوردستان: دوکتور یەک پرسیار لێرەدا هەیە ئەویش ئەوەیە، خەڵکی هەرێمی کوردستان زۆر لەسەر ئەوەی قسان دەکەن کە قەیرانەکانی وەکو دارایی چارەسەر نەکراوە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئایا زەرفیەتی ئەوەی هەیە کە بتوانێ دوای بە دەوڵەت بوون وەڵامدەری سیاسی خەڵکی خۆی بێت؟**

**د. عوسمان:** ئەوە زروف دەزانێت ئێستا مەسەلەن سبەینێ یەبیت بە دەوڵەت قەیرانی دارای هەر دەمێنیت، تەبعەن دەبێت هەوڵی بۆ بدەی لەبەر ئەوە ئەوانەی کە حیزبەکان لەگەڵ بارزانی کە کۆبوونەوە و بڕیاریان دا کە ڕێفراندۆم بکرێ وە ڕۆژەکەیان دیاری کردووە؛ کۆمیتەکانیان داناوە یەکێ لە کۆمیتەکان کە ئەویش قەرارە دابنرێ ئێستا تەواو نەبووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆیە مەبەستیان دارایی و قەیران و مەعاش و تا دوایی... یانی ئەوە ئەگەر هەوڵ بدەن دەبێت هەموو لەیەک هەوڵی تێدا بدەن دەبێت پێش ڕێفراندۆمیش وردە وردە خەریک بن لە سەری بۆ ئەوەی هاووڵاتی کێشەی کەم بێت، کێشەی نەبێت وە بتوانێت بە باشی لەو پرۆسەیەدا بەشدار بێت.

**کوردستان: زۆرێک لە چاوەدێرانی سیاسی باس لەوە دەکەن کە پرسی سەربەخۆی کە لە لایەن بارزانییەوە دێتە ڕوو تەنیا کارتێکی فشارە بۆ ویستەکانی خۆی دەنا سەربەخۆییان ناوێ یا بازییەکی لە پێش دۆڕاوە زۆر ڕێژیمی ئێران ئەوە تەئکید دەکاتەوە؟**

و:نەخێر؛ خۆدی سەربەخۆیی هەموو کورد دەیهەوێت شتێکی باشە. بەڵام تەبعەن ئەمەی کە ئێستا دەکرێت ڕیفراندۆم هەر لە ئێستاوە دیارە کارتی فشار لە سەر حکوومەتی عێراق دادەنێت بە تایبەتی ئێمە کێشەکانمان لەگەل حکومەتی عێراقە بەراستی و حکوومەتی عێراقش دەڵێت نابێ ڕێفراندۆم بکەن خەتەرە و زەرەرە و هتد، لەبەرامبەر ئەوە دەبێت زیاتر لە کورد بێتە پێشەوە. ئەوەیان تەئسیری هەیە بەڵام بۆ ناوخۆی کوردستان بڕوا ناکەم ئەمە هۆکار بێت وا بڵێی بارزانی ئەمەی دورست کردبێ بۆ ئەوەی فشار لە سەر لایەنەکانی دیکە بکات شتی وا بە ڕای من وانییە ڕای من وایە ئەوەی کە باسی دەکات بڕوایان پێیە حیزبەکانی کەش هەموو بڕوایان پێیە یانی هیچ حیزبێک نەی گووتوە من دژم؛ هەموو لایەنەکان لەگەڵن بەڵام چۆنییەتی ئیشی یانی یەک دەڵێت دەبێت پارلمان کارا بکرێتەوە، یاسا دەرکات ئەوی تردەڵێت بێ یاسا دەبیت بۆ چۆنییەتی یانی میکانیزمی کارەکە ناکۆ کیان هەیە بەڵام خودی سەرەتای ڕێفراندۆمەکە هەموو حیزبەکان تەئیدی دەکەن.

**کوردستان: ڕێژیمی ئێران بەتایبەت هەم وەزارەتی خارجییەکەی هەم خودی خامنەیی و ڕاوێژکارەکانی تازەگیش لە میدیای ڕەسمی خۆیان باسیان لەوە کردووە بابەتێکیان نووسیوە کە بنووسن دەوڵەتی کوردستان بخوێننەوە دەوڵەتی داعش ئەگەر چی هەڵوێستی زۆرێک لە خەلک و سیاسەتمەدارانی بیانی و بەتایبەت نەتەوەی کوردی لێکەوتووەتەوە ئێوە چۆن ئەو باسە شرۆڤە دەکەن؟**

**د. عوسمان:** ئێران خۆی دژی کوردە و هەر شتێ کورد بیکا دژیەتی لە دیوی خۆی بێت یا لە دیوی ئەو بەری سنوور بێت تورکیەش هەر بەم جۆرەیە. ئەوە چاوەڕوان کراوە ئەوان ڕۆژێ دەڵێن ئیسرائیلیە ڕۆژێک دەڵێن داعشە و ئەوە خراپە تەبعەن هەڵوێستیان خراپە تەبعەن چونکە ئەگەر هەڵوێستیان لە بەرامبەر کورد باش بوایە لەگەڵ کوردی خۆیان باش دەبوون، لەبەر ئەوە چاوەڕوان کراوە لە ئێران ئەوە شتێکی تازە نییە بە ڕای من بەداخەوە هەموو جۆرە ناو و ناتۆرەیەک دەنێن لە هەر شتێک کە کورد بیهەوێ.

**کوردستان: حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەر چی بۆخۆیان هەرێمی کوردستان نیشتەجێن بەڵام هەڵوێستی پشتیوانی خۆیان لەو ڕیفراندۆمە دەربڕیوە ئێوە بە پێی ئەوە ئایەندەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات چۆن دەبیننەوە یانی ئەوەی کە زۆرێک دەڵێن ئەگەر سەربەخۆیی بکرێت حیزبەکانی ڕۆژهەڵات عەمەلەن ناکارا دەبن و ناتوانن شتێک بە نێوی شۆڕش لە نێو ڕۆژهەڵاتدا ئیدامە بدەن؟**

**د. عوسمان:** باسی لەم جۆرە بابەتە زوویە و سەرەتا دەبێ ببێت بە دەوڵەت، هێشتا زووە و ئەوە مەعلووم نییە، بە عەکسەوە ئێستاش ئێرە وەکو دەوڵەت وایە، چەکیش هەیە بەڵام دایمە تەبعەن ئەو حیزبانەی تورکیە بە تایبەتی حیزبەکانی ئێران ئەو کێشەیەیان دایمە هەبووە ئێستاش هەیانە یەعنی دەسەڵاتی هەرێم دەسەڵاتی ئەگەر بوو بە دەوڵەت و هتد هەمیشە ئەڵێن ئەمە دەبێتە کێشە حکومەتەکان زەختیان لێدەکەن بڕوا ناکەم ئەوە شتێکی گرینگ بێت بەلای منەوە گۆڕانکاری وا نابێت و لەوانەیە باشتر بکرێت.

**کوردستان: پرسیارێکی تر ئەوەیە کە ئایندەی کورد دوای پرسی سەربەخۆی بەرەو پۆزەتیف دەچێت یا بەرەو نێگەتیف؟**

**د. عوسمان:** ئەوە هێشتا زووە بڕیاری لە سەر بدەین پێشەکی ئێستا ناتوانم نەزەرێک لەسەر ئەوە بدەم بەپێی پرۆسەکەیە و چۆن دەبێ و کێ تەئیدی دەکا و کێ تەئیدی ناکات ئەوە گرینگە بۆیە جاریە هێشتا زۆر زووە کە بزانین ئەوە دەبێت یا نا.

**کوردستان: وەکو پرسیاری کۆتایی ڕای ئێوە لە سەر داهاتووی کورد بەپێی ئەو قەیرانانەی لە ناوچەکە دایە و ئاڵوگۆڕەکان چۆنە؟**

**د. عوسمان:** ئەگەر کورد لە بەینی خۆیان یەکگرتوو بێت داهاتوویان باش دەبێت، ئەگەر وەکو ئێستا بن داهاتوویان زۆر باش نابێت ئەوەی هەر حیزبە بە جیاواز هەر بۆخۆی و نە لە ڕووی نەتەوەییەوە نە لە ڕووی باشوور یەکن نە ڕۆژهەڵات یەکە نە ڕۆژئاوا یەکەن مەعلوم بڕوا ناکەم چاوەڕوانی شتی موهیمی لێ بکەی دەبێ یەکگرتوو بی تەبعەن کورد فاکتۆرێکی گەورەیە و میللەتێکە تەقریبی چل ،پەنجا میلیۆنێکە زۆر زۆر باش دەبێت ئایندەیان بەڵام ئەگەر یەکگرتوو نەبن دوژمنیش دەوری گرتوون لە هەموو لایەکەوە بڕوا ناکەم ئەوەی دەیانهەوێت زۆر جێبەجێ ببێت.

# خوێندنەوەیەکی سەرپێیی بۆ کتێبی "پاشایەتی ماد"

**قادر ئەلیاسی**

کتێبی پاشایەتی ماد لە نووسینی "ئیقرار عەلی‌یێف"(١٩٢٤ـ٢٠٠٤) خەڵکی کۆماری ئازەربایجان سەر بە سۆڤیەتی پێشوو، ساڵانێک لەمەوبەر لە لایەن "کامبیز میربەها" وەرگێڕایە سەر زمانی فارسی. پاشان ٢٠١٦ لە لایەن پێشمەرگەی سەنگەری قەڵەم، کاک "سەلام ئیسماعیلپوور"ەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی.
ئیسماعیلپوور، وەرگێڕی کتێبی پاشایەتی ماد ئەم کتێبە لە گەڵ "مێژووی ماد"ی "دیاکۆنۆف" وەک ٢ سەرچاوەی گرینگی زانستی لە قەڵەم دەدا کە تا ئەمڕۆ لە سەر مێژووی ماد نووسراون.
پاشایەتی ماد لە سەرەتایەکی کورت و یازدە بەش پێک هاتووە. نووسەر لە بەشە جۆراوجۆرەکانیدا دەستی داوەتە شیکاری و لێکدانەوەی زانستی و هەمەلایەنەی چەندین بابەت و قۆناغی مێژوویی گرینگی ناوچەی ئاسیای پێشەنگ و بەرزاییەکانی ئێران کە لە سەردەمی بەردینی دێرینەوە دەست پێ دەکات و بە سەرکوتی ڕاپەڕینی "گۆماتە"ی ماد دژ بە داگیرکاریی پارسە هەخامەنشییەکان کۆتایی پێ دێت.
نووسەر بە شێوەیەکی بێلایەنانە باسی ماد و دەسەڵاتەکەی کردووە. بە جۆرێک خوێنەر ڕادەکێشێ بۆ سەر سەرچاوەی چۆنیەتی ڕووداوەکان. بە هەڵدانەوەی ئەو لاپەڕانە ڕاستی بویەر و قۆناغە پەردەپۆشکراوەکان دەخاتە بەر دیدی خوێنەر و بە هێنانەوەی بەڵگەی زانستی، لێڤە لە سەر هەتیو لادەدا.
ئەو سەبارەت بە ئاریایی بوونی ماد، باوەڕی وایە ئیمپراتۆریی ماد لە یەکێتییەکی ئێتنیکیی فرەچەشن لەو خەڵکانە بووە کە لە سەدەکان و هەزارەکانی کۆنەوە لەو شوێنە ژیاون. لە کاتی هاتنی ئاریاییەکاندا نیشتمانی کورد نەك چۆڵ نەبووە، بەڵکوو لە سەدەکان و هەزارەکانی پێشترەوە شارستانیەت و کولتوور بوونی هەبووە و لە ڕووی شارستانییەت و کولتوورەوە زۆر لە ئارییەکان پێشکەوتووتر بوون. واتە ئەوە یەکیەتییەکانی ماد بووە کە ئارییەکانی لە نێو خۆیدا جێکردۆتەوە نەک بە پێچەوانەوە. بە چەشنێک بەرەبەرە بەشێك لە ئارییەکان لەگەڵ ئەو خەڵکە خۆجییانەدا تێکەڵ دەبن. مادی گەورە لە ڕاستیدا سەرەتا کاریگەرییەکی زۆر کەمی خەڵکە ئارییەکانی لە سەر بووە، بەڵام دواتر بە زیاتر بوونی هاتنی کۆچەرییە ئارییەکان ئەو کاریگەرییەش زیاتر دەبێت. پێکهاتەی ئەسڵیی ماد و دواتریش کورد، نەک لە ئارییەکان، بەڵکوو لە گەلانی خاوەن شارستانیەتی خۆجێیی پێک دێت.
ئەوەی کە وەک خاڵێکی بەرچاو و زەق لەم کتێبەدا بە ئاشکرا خۆی دەنوێنێ، خۆخۆریی مادە دژی یەکتر. نزیکەی ٣٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر ئاشوورییەکان بە دروشمی "مادەکان دژ بە مادەکان" درێژەیان بە فەرمانڕەوایی خۆیان داوە. هەتا پێکهاتەی ماد یەکی نەگرتووە، لە نێوان دەسەڵاتەکانی چوار دەوردا "گێزەڵەمشکێ"ی پێکراوە. واتە جارێک لە نەینەوا، ئاشوورییەکان بە قازانجی خۆیان دژ بە یەک بە شەڕیان داون و جارێکیش دەسەڵاتدارانی ئیلامی و بابلی. کاتێک کۆتایی بەم گێزەڵەمشکێیە دێ و ماد دەتوانێ ببێ بە هێزێکی بەهێز کە پێکهاتەکانی یەکدەگرن و لە ژێر فەرمانی "هووەخشترە"دا، ئیمپراتۆریی ماد لە ناوچەکە جێگیر دەبێ. وانەیەک دوای ٣٠٠٠ ساڵ، کورد لە بیری دەکا و بە پەیڕەوکردنی دەردەکوردی خۆخۆری و چاو لە دەستی بێگانە، دەکەوێتە وێزەی یەک.




لەم کتێبەدا "کورشی هەخامەنشی" بە زەبر و زۆر و فێڵ و کڕینی "هارپاگ"، فەرماندەری سپای ماد، دەسەڵاتی ماد لە سەردەمی پاشایەتی "ئیشتوویگۆ" دەڕووخێنێ و دەسەڵاتی پارس ڕادەگەیەنێ.
قۆناغێکی دیکەی ئەم کتێبە سەردەمی کەمبووجیەی دووهەم، پاشایی پارسە. لەم قۆناغەدا بە دوور کەوتنەوەی "کەمبووجییە" لە وڵات و بە نیازی هێرش و داگیرکردنی میسر، "گوماتە" سەرداری مادی نێو دەسەڵاتی هەخامەنشی دەرفەت دەقۆزێتەوە و بۆ ماوەی ٤ تا ٧ مانگ، دەسەڵاتی ماد لە جێی پارس جارێکیتر دەگێڕێتەوە. ئەو بە ٢ خاڵ وەک چاکسازی سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ:
خەڵکی وڵات بۆ ماوەی ٣ ساڵ لە دانی باج ئازاد دەکرێن و لاوان بۆ ماوەی ٣ ساڵ لە چوون بۆ سەربازی ئازاد دەکا.
بەم هەنگاوە توانی سەرنجی خەڵکی ئەو وڵاتە کە لە ژێر دەسەڵاتی پارسدا وەزاڵە هاتبوون، بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. بە جۆرێک کاتێک "داریوش"، جێگرەوەی "کەمبووجییە" توانی بە سەر "گوماتە"دا زاڵ بێ و بیکوژێ، بە پێی نووسینەکانی "هێرۆدێت" خەڵک بۆی بەداخ بوون و دەستیان بە سەرهەڵدان کرد.
"داریوش" بە پێی بەردەنووسەکەی بێستوون، وەک ئێستا بۆ لەبەرچاوخستنی "گوماتە"، پەنای بردە بەر ناو و ناتۆرەی وەک ئەوەی گوایە گوماتە شوێنە پیرۆزەکانی سووتاندووە و مافی خەڵکی زەوت کردووە و من ئەوەی ئەو لە خەڵکی ئەستاندووە، جارێکیتر گەڕاندمەوە بۆ خاوەنەکانیان.
لە دوو توێی کتێبەکەدا کۆمەڵێک وشەی نوێی کوردی وەک بەرزەدەشت، هاوگوێرە و...بەرچاو دەکەوێ کە جێگای تێرامانە.
لە هەندێ شوێندا ڕەنگە لە بەر پاراستنی دەق بووبێ، وەرگێڕ نەیپەرژاوەتە سەر ڕەواننووسی و پاراویی وشە. بۆیە هیوادارم لە چاپەکانی داهاتوودا ئەم سەرنجە بە هێند وەرگرێ.
قەبارەی کتێبەکە ٧٥٢ لاپەڕەیە کە بەشی کۆتایی ئەم پەرتووکەش کۆمەڵێك وێنە لە ئاسەوارە مێژووییەکانی ناوچەکانی ماد لە خۆ دەگرێت کە پێوەندیی بە باس و بابەتەکانی نێوئاخنی بەرهەمەکەوە هەیە.
لە کۆتاییدا وێڕای دەسخۆشی لە کاک سەلام بۆ وەرگێڕانی ئەم کتێبە بەنرخە، داوا لە خوێنەرانی کتێب دەکەم، ئەم کتێبە پەیدا بکەن و بیخوێننەوە. چوونکە تا ئێستاشی لە گەڵ بێ سەرچاوەی مێژووی کۆنی ئێمەی کورد و ڕیشە و ڕەتەوەی ئەم گەلە لە لایەن قەڵەم بەدەستانی مێژووچەواشەکەری ئاریانیستەکان و پانتورکەکان و ئیسلامیستەکان و ... بووە کە چاکی ئێمەی بە خراپ و خراپی بە چاک پێ ناساندووین.
بە خوێندنەوەی کتێبی پاشایەتیی ماد دەبینین کە زەینیەتی کۆن و سەپێنراوی پارسگرایانە لەگەڵ گومانێکی ڕووخێنەر بەرەڕوو دەبێت و بە شێوەیەکی زانستی ناڕەوابوونی هێژمۆنیی زاتیی ئەوان بە سەر ئێمەدا ڕت دەکاتەوە. ئەوە بۆ خەباتی ئێمە کە شوناسی سیاسی و کولتووری و نەتەوەیی کۆڵەکەی ئەو خەباتەیە، نەك گرینگ بەڵکوو زۆر پێوستە.

**ژێدەرەکان:**

**کتێبی پاشایەتی مادوتووێژی وەرگێڕ لەگەڵ ماڵپەڕی Roji kurd**




بەرد" بەرهەمی وێژەیی فەریدوون ئەرشەدی، شاعێری ناسراوی کورد خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات و دانیشتووی وڵاتی ئاڵمان، پلەی یەکەمی خەڵاتی نێودەوڵەتیی کتێبی کوردی (ئیبراهیم یوونسی) لە بەشی شێعری بۆ خۆی مسۆگەر کرد.
"بەرد" بژاردەی ئەو شێعرانە لە خۆ دەگرێت کە فەریدوون ئەرشەدی لە ماوەی ساڵەکانی ١٣٦٥ هەتا ١٣٩٣ی هەتاوی هۆنیوویەتەوە.
پێشتریش ئەو شاعێرە کوردە لە وتووێژێکدا لەگەڵ ئاژانسی کوردپا ڕاگەیاند بوو: "ئەو کۆمەڵە شێعرە لە کاتێکدا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بووە، ئامادەی چاپ و مولەتی چاپی ئەو کتێبەی پێدرابوو، بەڵام دەرفەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبەی نەبوو".
فەریدوون ئەرشەدی، ساڵی ١٣٤٠ هەتاوی لە شاری سنە لە دایکبووە و لە ساڵی ٧٣ هەتا ٧٧ی هەتاوی وەکوو کارناسی فەرهەنگی و ئەدەبی لە شارەکانی سنە، سەقز، تاران و ورمێ خەریکی چالاکی بووە.
ناوبراو هەروەها چالاکی لە گۆڤارەکانی"سروە" و حەوتوونامەی "سیروان" و تەلەفزیوون کوردیدا لە کارنامەی ئەدەبی خۆیدا هەیە و لە ساڵی ٨٢ی هەتاوی لە وڵاتی ئاڵمان نیشتەجێ بووە.
ئەو شاعیرە کوردە، سەرەتا بە زمانی فارسی شێعری هۆنیووتەوە و لە ساڵی ٦٣ی هەتاوی بە دواوە، زۆربەی شێعرەکانی بە زمانی کوردی هۆنیووتەوە.



بەرهەمی هونەرمەند: ناسر فەتحی

کتێبی "چیرۆکی ناتەواو، کە لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی "مەریەم حوسێن خاە"ـە، لە لایەن بەهار حسێنی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی.
"چیرۆکی تاتەواو"، بەرهەمێکی توێژینەوەیی و لێکۆڵینەوەییە سەبارەت بە ١٠ ساڵی ڕەش لە ئێعدام و ڕەشەکوژی لە ئێراندا کە بە دەیەی ڕەشی ٦٠ ناسراوە. بەڕێوەبەری پرۆژەی ئەو کتێبە خاتوو شادی سەدرە و ئەو بەرهەمە لە لایەن ڕێکخراوی دادپەروەری بۆ ئێران (عدالت برای ایران)ەوە کە ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤیی ناحکوومیی ئەهلییە لە تاراوگە لە چاپ دراوە.
بەهار حسێنی شاعیر و ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەو کتێبەی لە فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بەچاپی گەیاندووە.
بەهار حسێنی سەبارەت بەو کتێبە بە کوردستان میدیای گوت؛ "ئەو کتێبە هاواری بەڵگەمەند کراوی دایکان و بنەماڵەی هەزاران زیندانیی سیاسییە کە لە دەیەی ٦٠ی ئێراندا و بە تایبەتی لە هاوینی ڕەشی ١٣٦٧دا کۆمەڵکوژ کران و لە گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا دفن کران. باس لەو گۆڕستانانە دەکات کە لە لایەن دەوڵەتەوە ناوی "لەعنەت ئاباد"یان لەسەر دانرا، بەڵام بنەماڵەی ئێعدام کراوەکان بە "خاوەران" ناساندیانن".
ناوبراو گوتیشی؛ "ئەم کتێبە دەتوانێت هاندەر و سەرەتایەک بێت بۆ توێژینەوەیەکی بەربڵاو سەبارەت بە زیندانیانی سیاسیی ئێعدام کراوی کورد لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیە دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا و بەتایبەتی ئێعدام کراوە کوردەکانی دەیەی ٦٠ی ئێران".



KURDISTAN
Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan • No:703 21 June 2017

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

# کۆڵبەرێکی سەردەشتی بە تەقەی هێزەحکوومەتییەکان گیانی لە دەست دا



ئاژانسی کوردپا: ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە شاری سەردەشت کرانە ئامانجی تەقە ڕاستەوخۆی هێزە حکوومەتییەکان.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٤ی جۆزەردان، هێزە ئینتزامییەکانی حکوومەتی ئێران ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کوردیان لە ناوچەی سەردەشت دایە بەر دەستڕێژی گوللە و لە ئاکامدا، یەکێک لە کۆڵبەرانی گیانی لە دەست دا.

ئەو کۆڵبەرانە لە ناوچەی "بێتووش" کەوتوونەتە بەر دەستڕێژی تەقەی هێزە حکومەتییەکان.

هەواڵنێری کوردپا شوناسی ئەو کۆڵبەر گیان لە دەست داوەی "سیروان خانەخەلی" خەڵکی شاری سەردەشت ڕاگەیاندووە.

دەوترێ، هێزە حکوومەتییەکان بەبێ ئاگادار کردنەوەی پێشوو، تەقەیان لەو کۆڵبەرانە کردووە.

بەپشت بەستن بە ئاماری تۆمار کراو لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی کوردپا، لە ساڵی ڕابردوو (٩٥) لە کۆی ١٥٤ کۆڵبەری کوژرا و بریندرا، ٦٦ کەس کوژراون و ٨٨ کەسی دیکە بریندار بوون.

لە درێژەی کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران ٣ کۆڵبەر تەمەن ١٦ و ١٧ ساڵ بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت کوژرا و بریندار بوون.

ئامانج لە تەقە کردن لە کۆڵبەرانی و کوشتنی ئەو کۆڵبەرانە لە کاتێکدایە کە هاووڵاتییانی کورد بۆ دابین کردنی بژیویی ژیانیان روو لە کۆڵبەری و کاسبی کردنی سەرسنوورەکان دەکەن و زۆر جاریش بەرەوڕووی مەرگ دەبنەوە.

هەر لەم پێوەندییەدا چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە وەڕێخستنی باهۆزێکی تویتری بۆ پشتیوانی لە کۆڵبەرانی کورد دەیانهەوێ لەو ڕێگایەوە حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بخانە ژێر گوشارەوە.

ژمارەیەک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە بڵاوکردنەوەی بانگەوازێک لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان داوایان لە خەڵکی کوردستان کردووە، بۆ پشتیوانی لە کۆڵبەرانی کورد لەو باهۆزە تویتیریە بەشداری بکەن.

ئامانجی ئەو چالاکانە لە وەڕێخستنی ئەو باهۆزە تویتیریە داکۆکی لە مافی ژیان و کەرامەتی مرۆیی کۆڵبەرانی کورد و نارەزایەتی لە بەردەوامی کوشتنی کۆڵبەران لە لایەن مەئموورانی دەوڵەتی و گەیاندنی دەنگی نارەزایەتی بە ڕێکخراوەکانی جیهانی مافی مرۆڤ و بیروڕای گشتی گەڕاندووتەوە.

کاتی دیاری کراو بۆ دەستپێکی ئەو باهۆزە تویتیریە، ڕۆژی یەکشەممە ٢٨ی جۆزەردان کاتژمێر ٢١ بە کاتی کرماشان ڕاگەیەندراوە.

ئەو باهۆزە تویتیریە بە هەشتەکی #KurdishLivesMatter دەست پێ دەکات.

مەبەست لەو کارە"گەرم" ڕاگرتنی هەشتک پشتیوانی لە کۆڵبەرانی کوردە کە بە یەکێک لە باسە سەرکییەکانی تویتر بگوڕدرێت و ڕاگەیەنە باوەڕ پێکراوەکان زیاتر تەکووزی بخەنە سەر ئەو پرسە و حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بخەنە ژێر گوشارەوە.

کۆڵبەری یەکێک لە گەورەترین"چالش"ەکانە ڕووبەڕووی خەڵکی ناوچە سنوورییەکان بووتەوە و بنەماڵەیەکی زۆر لەو ڕێگایەوە بژیوی ژیانی خۆیان دابین دەکەن.




# لە ئەنجامی هێرشی هێزە ئینتزامییەکان لە ئاق دەرە چەند ژنێک بریندار بوون

ئاژانسی کوردپا: لە ئەنجامی هێرشی هێزە ئینتزامییەکان بۆ سەر گوندی ئاق دەرە لە شاری تیکاب سەر بە پارێزگای ورمێ، چەند ژنێک بریندار بوون و ژمارەیەک لە هاووڵاتییانیش دەستبەسەر کران.

ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٥ی جۆزەردان، هێزە ئینتزامییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران هێرشیان کردە سەر خەڵکی گوندەکانی ئاق دەرەی سەرو و خوار و ناوەڕاست، ئەمەش بریندار بوونی چەند ژن و دەستبەسەر کردنی چەند هاووڵاتییەکی بە دواوە بوو.

هێرشی هێزە حکوومەتییەکان بۆ سەر ئەو گوندە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە، خاوەنکارەکانی کانگای زێڕی ئاق دەرە بۆ کارکردن لەم کانییە لە خەڵکی ناخۆجێیی کەڵکیان وەرگرتووە و تەنیا چەند کەسێک لە خەڵکی ئەو گوندە لەو کانگایە دامەزراون، کە ئەمەش بووەتە هۆی نارەزایەتی دەربڕینی ئەو خەڵکە.

بەوتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو چەند کەسە کە لە کانگای زێڕی ئاق دەرە دامەزران کرێکاری وەرزین و زۆربەی ئەو کەسانەی لێی دامەزراون کەسانی ناخۆجێین.

ئەو سەرچاوەیە ئەوەشی خستەڕوو، چەند ڕۆژ پێش ئەو ڕووداوە، ئیدارەی ئیتلاعاتی سپای پاسداران چەند کەسێکیان بانگهێشتی ئەو ناوەندە ئەمنیەتییە کردبوو و پاش لێپرسینەوە، هەرەشەیان لێکرا بوو کە لە ئەگەری بەردەوام بوونی ئەم کۆبوونەوانە، ڕووبەڕووی تاوانی دژی تەناهی نەتەوەیی دەبنەوە.

خەڵکی ئەو گوندە بە هۆی بێکاری و بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین لە هەمبەر لە نێوچوونی لەوەڕەگەکان، و گرێبەستی کورت ماوە دەستیان کردووە بە نارەزایەتی دەربڕین و ئەمەش بووەتە هۆی هێرشی هێزە ئینتزامییەکانی حکوومەتی بۆ سەر ئەو گوندە.

لە ئاکامی هێرشی هێزە ئینتزامییەکان بۆ سەر خەڵکی ئەو گوندە چەند ژنێک بریندار بوون و چەند کەسێکیش لەو پەیوەندیەیدا دەستبەسەر کراون.

کانیی زێڕی ئاق دەرە لە ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوییەوە بۆ ماوەی ١٥ساڵ ئیزنی کارکردنی پێدراوە، هەروەها ماوەی ٣ ساڵیش ئەو کانییە زێرە داخرا، هەتا لە ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی جارێکی تر دەست بەکار بووە.



# KMMK-G داوای پێکهێنانی کۆمیسیونی لێکۆڵینەوە بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران دەکات

ئاژانسی کوردپا: نوێنەری کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران_ ژنێف لە سی و پێنجەمین دانیشتنی شوورای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، باسێکی لە سەر زیندانییانی سیاسی و کۆڵبەران پێشکەش بەو ڕێکخراوە کرد.

ڕۆژی پێنج شەممە ٢٥ی جۆزەردان، تەیموور ئەلیاسی، نوێنەری کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران_ ژنێف لە سی و پێنجەمین دانیشتنی شوورای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

نوێنەری کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران_ژنێف لە دانیشتنێکدا نیگەرانی خۆی سەبارەت بە زۆربوونی دەستبەسەر کردنی هاووڵاتییانی کورد و کوژرانی کۆڵبەران لە سنوورەکان لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە دەربڕی.

تەیموور ئەلیاسی لە باسەکەیدا پرژایە سەر، حوکمی زیندانی نادادپەروەرانەی محەممەد نەزەری و عوسمان مستەفا پوور بە تۆمەتی ئەندام بوون لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپوزسیونی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران کە زیاتر لە ٢٠ ساڵە لە زیندان دایە، نیشانەی پێشێلکردنی ئاشکرای جارنامەی مافی مرۆڤی ڕیکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئازادی بیروڕادەبڕینە.

نوێنەری کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران_ژنێف، لە بەشێکی دیکە قسەکانیدا ئاماژەی بە بەڵێنەکانی حەسەن ڕۆحانی سەبارەت بە خەڵکی کوردستان کرد کە هەتا ئێستا نەتەنیا ئەو بەڵێنانە جێبەجێ نەکراوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، ڕێژەی ئێعدامەکان، تەقەی ڕاستەوخۆ لە کۆڵبەران و دەستبەسەر کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات زیادی کردووە.

تەیموور ئەلیاسی لە کۆتایی قسەکانیدا، داوای لە شوورای مافی مرۆڤ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کرد کە بە هۆی پێشێلکاری ئاشکرای پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە ماوەی ٣٧ ساڵی ڕابردوودا، لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە، کۆمیسیونێک بۆ لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران پێک بێت.

کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران_ژنێف یەکەمین ڕێکخراوی مافی مرۆییە، کە ڕاپۆرت لە پەیوەندیی لە گەڵ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان، پێشکەش بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێپۆرتێری تایبەت لە کاروباری مافی مرۆڤی ئێران دەکات.

# دەستبەسەر کردنی هاووڵاتییان لە کوردستان درێژەی هەیە

ئاژانسی کوردپا: لە ڕۆژانی ڕابردوودا، هێزە ئەمنییەتییەکان لە پەیوەندیی لەگەڵ ڕوودای چەند ڕۆژی ڕابردووی شاری تاران، لە شارەکانی سەردەشت، بۆکان، پیرانشار و ڕوانسەر ژمارەیەک هاووڵاتی خەڵکی ئەو شارانەیان دەستبەسەر کردووە.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ژمارەیەک هاووڵاتی لە لایەن ناوەندە ئەمنییەتییەکانی حکوومەتەوە دەستبەسەر کراون.

سێ هاووڵاتی خەڵکی شاری بۆکان لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی حکوومەت لەو شارە دەستبەسەر کران.

ئەو سەرچاوەیە، شوناسی دوو کەس لەو سێ کەسەی بە"فەتاحی پوور" و" محەممەدی" ڕاگەیاندووە و ناوی ئەو کەسەکەی دیکە بە نارۆونی ماوەتەوە.

هەتا ئێستا هیچ زانیاریەک سەبارەت بە شوێنی ڕاگیرانی ئەو سێ هاووڵاتییە بۆکانیە لە بەردەستدا نیە.

هەروەها هاووڵاتییەکی خەڵکی شاری سەردەشت کە پیشەی پزیشکی بووە و لە بەخشی ئۆرژانس، بەناوی دوکتور"محەممەد خزری" لە شوێنی کارەکەی دەستبەسەر کراوە.

ئەو سەرچاوەیە هەروەها ئەوەشی خستەڕوو، هاووڵاتییەکی دیکە لە شاری پیرانشار بە ناوەی"ئیبراهیم" کە پیشەی پیرایشگاە بووە، لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی ئەو شارەوە دەستبەسەر کراوە.

هەر لەو پەیوندەییەدا هەواڵنێری کوردپا لە شاری ڕوانسەر سەر بە پارێزگای کرماشان بە ئاژانسی کوردپای ڕاگەیاند: هاووڵاتییەکی دانیشتووی خەڵکی شاری ڕوانسەر بە ناوی"یاسر وەلد بەیگی" کوڕی ئیقباڵ تەمەن ٣٤ ساڵ دەستبەسەر کراوە.

بە وتەی ئەو سەرچاوەیە، یاسر لە پەیوەندیی لەگەڵ دوو هاووڵاتی دیکە بە ناوەکانی فەرمان و بورهان موزەفەری گیراوە.

پێشتر وەزارەتی ئیتلاعات بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک ڕاگەیاندبوو کە؛کەسانی دەستبەسەر کراو سەر بە گرووپی"وەهابی داعش"ن و ئەو دەستبەسەرکراوانەی بە"تیمە عەمەلیاتییەکان و هەروەها لقە پەیوەندییدارەکان و بەشی تەداروکاتی ئەو گرووپە"ناوزەد کردووە.

